

# هەتاوی ئازادیخوازی

## «گفتوگۆ لەگەڵ سەڵاحودینی موهتەدی»

# هەتاوی ئازادیخوازی

## «گفتوگۆ لەگەڵ سەڵاحودینی موهتەدی»

خەڵەف غەفور

کتێب: هەتاوی ئازادیخوازی
«گفتوگۆ لەگەڵ سەلاحودینی موهتەدی»
ئامادەکردنی: خەڵەف غەفور
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠١٩

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (        ) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

**لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ**

## سڵاوێک لە مامۆستا موهتەدی

سڵاوێکی گەرم لە مامۆستا سەلاحەدین موهتەدی تێکۆشەری کوردستانی و رووناکبیری بەوەفای کایەی رۆژنامەوانیی و فەرهەنگی لە کوردستانی باشووردا.

سڵاوەکە ئەرکی ئێمەیە و پێزانینە و هەروەها بۆنەشە تا لەم پێشەکییەدا لەسەر رۆڵی مامۆستا و بەشداری سەنگینی لە رەوتی روناکبیری باشوور بدوێین.

بێگومان مامۆستا لە سەرتاسەری کوردستان، بەتایبەتیش لە رۆژهەڵات و باشوور وەک تێکۆشەرێکی سیاسی شۆڕشگێر لەناو بزووتنەوەی کوردایەتی پێشکەوتنخوازدا ناسراوە و ناوێکی گەشاوەو بە دەرەوەیە و بۆ من نییە زۆری لەسەر برۆم.

بەڵام ئەمەوێ لەسەر رۆڵە روناکبیرییە جاویدانەکەی چەند سەرەقەڵەمێک بنووسم.

*یەکەمجار دیدارێکی تایبەتی گۆڤاری نووسەری کوردم لەگەڵ مامۆستا موهتەدی بینی. دیدارەکە لەسەر ئەزموونی ئەدەبی و روناکبیرانی مامۆستا بوو.

لە ژمارە (٣) و (٤) ی نووسەری کورد خولی راپەڕین لە ساڵی ١٩٩٢ بڵاو کرابۆوە.

لەسەر ناوەرۆکی دەوڵەمەندی دیدارەکە لەگەڵ دۆستێکی شارەزای روناکبیری قسەم کرد. ئەویش هەمان ڕای هەبوو کە تێکەڵی حەسرەتێکی پەرۆشانەی کرد و گوتی: بەداخەوە مامۆستا موهتەدی ئەم ئەزموونە باشانە نانووسێتەوە مەگەر لە دیدار و سیمناردا گوشاری بۆ بێنین. ئەمەم لە خانەی مێشکمدا تۆمار کرد.

*ساڵی ١٩٩٩ کە لە کوردستانی نوێ کارم دەکرد لە مەکتەبی پەیوەندییەکانەوە بە فاکسمیل کۆمەڵێک وتاری شایانی بڵاوکردنەوەمان بۆ هات. یەکێکیان زۆر تەئکید لەسەر بڵاوکردنەوەی کرابۆوە. وتارێکی مامۆستا سەلاحەدین بوو کە لە سیمنارێکی تایبەت بە مەسەلەی کوردی رۆژهەڵات، لە وڵاتی ئەمەریکا، پێشکەش کرابوو. ناوەکەی (ئاشتی لە رێی فەرهەنگەوە) و بابەتێکی جوان و دەقێکی بەپێز بوو، بێ سێو دوو بڵاومان کردەوە.

پێشەکییەکەی مامۆستا هێمنم کەوتەوە یاد کە لە پێشەکی (پێکەنینی گەدا) ی مامۆستا حەسەن قزلجیدا نوسیبووی، پێشەوا قازی محەمەد لەسەر شتی باشی وا دەیگوت بریا زۆری وامان هەبا. قازی نیم و بە

پێشمەرگەی ئەویش ناشێم و ئەو شەرەفەم پێ نەبڕاوە بەڵام وەک رۆژنامەنووسێکی کوردستانیی گوتم: خۆزگە زۆری وامان بۆ دەنووسرا.

*بەو ئەندێشە و سەرنجەوە مامەوە کە ساڵی ١٩٩٩ مامۆستا هاتەوە کوردستان، ئینجا منیش دیدارێکی تێر و تەسەلم لەگەڵ کرد بۆ بەرنامەی هەزارەی سێیەم، ئەوی لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئامادە و پێشکەشم دەکرد. دیدارەکە لەسەر تەوەری (کوردایەتی، چەمک و ماناکانی، خوێندنگە و ڕەهەندەکانی) بوو. چونکە باسوخواسی دیدارەکە پەلی کێشا بۆ فیکر و ڕەهەندە فەرهەنگییەکانی ناسیونالیزم و رۆڵی باوکە دامەزرێنەرەکانی وەک حاجی قادری کۆیی لەو مەیدانەدا، دڵم بە بڵاوکردنەوەی تەلەفزیۆن ئاوی نەخواردەوە و دەقی دیدارەکەم گواستەوەو لە رۆژنامەش بڵاوم کردەوە.

لەو دیدارەدا زانیم لێکدانەوەی مامۆستا بۆ ناسیونالیزمی فەرهەنگی و خوێندنەوەی بۆ شیعرەکانی حاجی دەهێنێ دانیشتنی تایبەتی لەسەر بکرێت.

دواتر زانیم مامۆستا لە ئەوروپا و پاشان لە کوردستانیش لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەلەی لەسەر فیکری

حاجی و ناسیونالیزم کردووە و دەقی شیعرەکانی حاجی کردۆتە بناغە بۆ شرۆڤەی ئەدەبیاتی ناسیونالیستی.

*رۆژان هاتوو و چوو. ساڵی ٢٠٠٤ کە دەستمان بە پرۆژەی خەندان کرد هێشتا ژمارەی سفری رۆژنامەی ئاسۆ دەرنەچووبوو، پەیوەندیم بە مامۆستاوە کرد کە ئەوکاتە لە سەفەری ئەوروپا لای ماڵ و منداڵەکانی بوو، بیرۆکەی رۆژنامەکە و داوای ستوونێکی هەفتانەم لەگەڵدا باسکرد. یەکەم ژمارەی سفری رۆژنامەی ئاسۆ کەوتە ماوەی هاتنەوەی بۆ کوردستان. قەولی خۆی هێنایە جێ و ستوونی هەفتانەی (بیراز) لەدایکبوو.

سروشتی ئیلتزامی گۆشە وایە کە خاوەنەکەی سەرەڕای هەموو ئەرکەکانی تری ژیان و خەبات پابەند دەکات بە وەخت و بابەتەوە. (بیراز) وا گەشەی کرد کە دوا لاپەڕە کورتی دەهێنا لەوەی بتوانێ بیگرێتە خۆی. هاتە شوێنێکی فراوانتر لە لاپەڕە دوو لە شێوەی ستوونێکی پتەودا، هەفتانە بەردەوام بوو تا بەشی کتێبێکی لێ پەیدا بوو بەناوی (فیکری وردیشی دەوێ) کە دواتر لە بڵاوکراوەکانی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن چاپکرا و بووە یەکەم کتێبی مامۆستا. گۆشەکەش هەر هەفتانە تا چەند ساڵی تریش بەردەوام بوو.

*مامۆستا موهتەدی ئەم ئەزموونی گۆشە نووسینەی لە کوردستانی نوێ-ش نوێکردەوە و لەوێش هەفتانە دەینووسی. بەندەش کە گەڕامەوە بۆ کار لە کوردستانی نوێ ئەزموونی کتێبەکەیم لەگەڵ خۆم بردە ئەوێش. لەگەڵ دۆستان بەشی کتێبێکی تێروتەسەلمان لە گۆشەکەی مامۆستا کۆکردەوە و هاوەڵێکمان خۆبەخشانە ئەرکی پێداچوونەوە و ئامادەکاری کتێبەکەی گرتە ئەستۆ. بەڵام مامۆستا پێی خۆشبوو خۆی پێداچوونەوەی پێدا بکاتەوە تا هەڵەو پەڵەی کە ئێمە لە بڵاوکردنەوەدا کردوومانە، لە کتێبەکەش دووبارە نەبێتەوە. ئیتر دەستنووسی کتێبەکە هەروا لە رەفی کتێبخانەکەی مامۆستا لە ماڵەوە ماوە و چاوەڕێی دوا پێداچوونەوەیە. بۆیە بەداخەوە مامۆستاش هەر بە یەک کتێبەوە مایەوە. واتا ئەوەی چاپکراوی خەندان بوو کە بڕیا زۆی ترمان هەبوا.

ئەم بەسەرهاتانەم بۆیە گێڕایەوە تا وەکو دۆستانی مامۆستا و خۆیشم هان بدەم بە بەرنامەوە کار بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی بکەین لە نووسین و کۆڕ و سیمنارەکانی ناوەوەی وڵات و دەرەوەی، دیدار و چاوپێکەوتنە رادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکانی

کە لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی باشووری کوردستان و بەتایبەتیش هی ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ساز کراون. کە من لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم و پێم باشە کۆمیتەی دۆستانی موهتەدی دروست بکەین، بەجۆرێک ئەم ئەرکە بە کردەوە جێبەجێ بکەین:

*پێشەکی کتێبی جەمهوریەتی کوردستان لە نووسینی مامۆستا مەحمودی مەلا عزەت کە مامۆستا موهتەدی پێشەکییەکی جوانی بۆ نووسیووە. پێشەکییەکی هاوشێوەی ئەوەش کە بۆ کۆ ڕۆژنامەی کوردستان لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، نووسیویەتی.

*دیدارەکەی گۆڤاری نووسەری کورد کە ئاماژەم پێدا.

*دیدارێکی بڵاوکراوەی هەفتەنامەی سلێمانی. کە کاتی خۆی ڕۆژنامەنووس پێشرەو ئەحمەد لەگەڵ مامۆستا سازی کردووە و بە ناوی (سلێمانی و سەلاحەدین موهتەدی) لە شێوەی نامیلکەیەک بڵاو بۆتەوە.

-چەند دیدار و چاوپێکەوتن کە تەلەفزیۆنە دیکۆمنتارییەکانی کوردستان لەسەر کەسایەتی و ڕووداوە مێژووییەکان لەگەڵ مامۆستا کردوویانە

و لەویَ کۆمەڵێک شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی مێژوویی کردووە.

–ماباقی گۆشەکانی مامۆستا لە رۆژنامەی ئاسۆ و کۆی گۆشەکانی لە رۆژنامەی کوردستانی نویَ.

–کۆر و سیمنارەکانی مامۆستا لەسەر کوردایەتی و قوتابخانەی حاجی قادری کۆیی لە بیری ناسیونالیستی کوردیدا.

–چیرۆک و پەخشانەکانی مامۆستا لە بڵاوکراوە نهێنی و ئاشکراکانی کوردستانی رۆژهەڵات و بڵاوکراوەکانی شاخ لە هەر دوو بەشی کوردستان.

من پێم وایە لیژنەیەکی کارا و دڵسۆزی وا دەتوانیَ ئەم دیارییە شایانە بۆ کتێبخانەی کوردی بکا و بەشێکی بچووکی قەرزی سەرشانی باشوورییەکان بەرامبەر دڵسۆزێکی وەکو موهتەدی بداتەوە. ڕەنگە هاندەریش بێت بۆ ئەوەی کە مامۆستا بە تەندروستیەکی باشەوە گەڕایەوە کوردستان تین و تاوی ئەوەی هەبێت خۆشی بەشێکی ئەرکی نووسینەوە یان لەرێی ئامادەکردنی دیکۆمنتاری تەلەفزیۆنی ئەزموونە فیکری و سیاسییە دەوڵەمەندەکەی خۆی بگێرێتەوە.

لە کۆتاییشدا ماندوونەبوون و دەستخۆشی زۆر

لە کاک خەلەف غفور دەکەم کە ئەم دیدارە دێرین و بەپێزەی لەگەڵ مامۆستا ساز کرد و وا ئێستا لەم کتێبەدا دەیکاتە دیاری بۆ خوێنەران و بەم هۆیەشەوە دەرفەتی بە بەندە دا ئەم پێشەکییە بکەمە بۆنەی پێشنیازکردنی کۆکردنەوەی بەرهەم و نوسراوەکانی موهتەدی. دەستی خۆش بێت.

لە کۆتاییدا هیوای تەمەن درێژی و تەندروستی باش و دڵنیاکەرەوەش بۆ مامۆستا موهتەدی دەخوازم.

ستران عەبدوڵڵا
لەجیاتی سندوقی
پشتیوانی کتێب
کوردستانی نوێ

# هەتاوی ئازادیخوازی

دوور مەڕۆ و هەر چەند جارێک لەگەڵی دابنیشە، گوێی لێبگرە و جارجارەیش پرسیاری لێبکە، لێی تێدەگەی چی گەنجینەیەکی پڕ بایەخە، ئەو لە وێنەی گەنجینەیەکی کەم وێنەیە، زۆری لایە و کەمی دەرئەبڕێ، هەمیشە بە ئاخ و حەسرەتە بۆ دەستڕاگەیشتن بەدروستکردنی کۆمارێکی کوردی دوای کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

مامۆستا سەڵاحوددینی موهتەدی، تێکۆشەرێکی دێرینی نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستانە، بێ ئۆقرە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ باشوور، لە بانەوە بۆ سلێمانی، بۆ ئاوارەیی و دوورە وڵاتی، لە شاخ

و شار و لادێکانیش هەر ڕێبواری ڕێگای سەربەخۆیی و ئازادیخوازیی کوردستان بووە. هەڤاڵ و ڕاوێژکاری متمانەداری سەرۆک مام جەلالیش بووە لە ڕۆژانی سەختی و چارەنووسسازی دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان.

ئەم کتێبە نووسینەوەی گفتوگۆیەکی منە لەگەڵ مامۆستا سەلاحوددینی موهتەدی و پێش نزیکەی دە ساڵان تۆمارکراوە، دەبوو زۆر درێژتر و فروانتربا، لێ بۆ ئەو دەمە شوێنی بڵاوکردنەوەی گفتوگۆکە هەر هێندە ڕێگەی دا، خۆ لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی گرنگی ئەرکەکە بەجێهات کە ئەویش ڕۆشنکردنەوەی بەشێکی باشی مێژووی ژیانی مامۆستا سەلاحوددین بوو.

نایشارمەوە لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەدا قسووریم هەبوو، دەبوو زیاتر خۆم ماندوو بکەم و چاوپێکەوتنەکە فراوانتر بێ، بەڵام لە کایەی ڕۆژنامەوانیشدا قسووری لەمە جۆرە زۆرجاران عەفوی لەسەر دەدرێ، بەهیوام منیش لەم کارەمدا ئەو خەڵاتەم بەربکەوێ.

ئەمەوێ دان بەوەشدا بنێم لە بابەتی هەڵسەنگاندن و قسەکردن لەسەر مامۆستا سەلاحوددینی موهتەدی

من بەتەواوی دەرقەت نایەم، هەربۆیە بەم چەند دێڕە کۆتایی پێدەهێنم و عوزرم ئەوەیە کە باشترە خۆتان چاوپێکەوتنەکە بخوێننەوە و باش و خراپیەکەیش هەر بۆ خۆم و ڕەخنەکانیشتان لەسەر سەرم دادەنێم.

ڕێزی زۆرم بۆ هەمووتان و ئەوەشتان عەرز ئەکەم تەنیا هیوام خزمەتکردنە بە مێژووی کورد و کوردستان.

خەڵەف غەفور

١٠ی تەموزی ٢٠١٩

سلێمانی

# دیداری یەکەم

## «کوردایەتی لە باوکمەوە فێر بووم»

بۆ مامۆستا سەلاحودینی موهتەدی ئاسان نییە نەگەڕێتەوە بۆ شوێنی لەدایکبوون و یادگارییەکانی منداڵی، دەگەڕێتەوە لادێیەکەی، گوندی قوڵقوڵە لە شاری بۆکان، باس لەوەش دەکات منداڵێکی نازپێدراو بووە «لە دێیەک لەدایکبووم ناوی قوڵقوڵەیە لە باشووری بۆکان، ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی کە بە ساڵی زایینی دەکاتە ٢٥ی دیسەمبەری ١٩٣٨».

سەبارەت بە خێزانەکەیان دەڵێ «بەرلەوەی نۆرەی من بگات، دوو برام ببوون و مردبوون، دوو خوشکیشم ببوون و مردبوون، بەڵام دوو خوشکم مابوون، واتە پێش ئەوەی من لەدایکبم، شەش منداڵ ببوو، من کە مامەوە و نەمردم زیاد لەوانی تر گرنگیم پێدەدرا.

یەکەم کوڕی بنەماڵەکەمان بووم، بنەماڵەیەک کە من تێیدا پەروەردەبووم بڕێک تایبەت بوو، چونکە تێکەڵێک بوو لە بنەماڵەی عەشایەری و فەرهەنگی و سەقافەتێکی ئیسلامی عەرەبی و فارسی و کوردی و تێکەڵیش لەگەڵ سیاسەت».

سەبارەت بە ئاشنابوون بە هەستی کوردایەتی، مامۆستا موهتەدی پێی وتین: «من کوردایەتی یەکەمجار لە باوکمەوە فێربووم و باوکیشم لە باوکییەوە فێربووە. سیاسەت لەنێو بنەماڵەی ئێمەدا هەمیشە هەبووە، خوێندەواری و زانست لە پلەیەکی بەرزدا بوو و ژیانێکی عەشایەری هەبوو لەگەڵ دەوڵەمەندییەکی زۆر، چونکە من پێش خۆم خوشک و برام هەبووە نەماون، زۆر نازدار بووم. منداڵێکی زۆر بزێو نەبووم، بەڵام لاسار بووم. ئەگەر شتێکم پێخۆش نەبووبێت بە قسەی کەسم نەکردووە، بەڵام شەڕانیی نەبووم، زۆر لەنێو قوڵقوڵە نەماینەوە، پاشان هاتووینە خوار بەرەو بۆکان و چووینەتە گوندی شێخلەر، من پێنج شەشساڵێک لە شێخلەر بووم».

**هۆکاری ئەو کۆچکردنەتان بۆ گوندی شێخلەر چی بوو؟**

سەردەمانی عەشایەری بووە، خاوەن موڵکەکان و ئاغاکان ئاڵوگۆڕی دێهاتی زۆریان دەکرد و بەتایبەت باپیرم هەر زۆر بەناوبانگ بوو بەوەی کە لە چەند ساڵیک زیاتر لە گوندێک نامێنێتەوە، زۆر دەوڵەمەند و دەسەلاتدار بووە، کە دەڕۆیشت لە گوندێک حەتمەن ئەگەر بەرلەوە خۆی مزگەوتی نەبووبێت مزگەوتی بۆ دروستدەکرد و حوجرەی فەقێیانی دروستکردووە و مەلای بۆ هێناوە، دەستشۆری دروستدەکرد و زۆریش پەیوەندی لەگەڵ باخ و سەوزایی هەبووە، بەڵام دوای ماوەیەک لێی وەڕەس بووە و چووەتە گوندێکی تر، لەبەرئەوەی لەگەڵ دەستوپێوەندەکانی خۆی باش بووە، هەموو جارێک ژمارەیەک لە خەڵکی لەگەڵی دەڕۆیشتن جا بڕێک لەوانەی لەگەڵی دەڕۆیشتن کارگەر و بەردەستی خۆی بوون و مووچەخۆری لای خۆی بوون، بڕێکی تریش ریشسپیی دێیەکە بوون و پێیان خۆش بووە لەگەڵ ئەو بچن.

**گرنگیی زۆری پێدەدایت؟**

گرنگیپێدانی ئەو بۆ من شتێکی هێندە بەرچاو نەبوو، چونکە بۆخۆی شەش کوڕی هەبوو، کوڕەکانی هەمووی منداڵیان هەبوو، من لەگەڵ باپیرم تێکەڵاوییەکی زۆرم نەبوو، بەڵام بۆ خۆی پیاوێکی بەموحیببەت بوو لەگەڵ منداڵاندا، بەڵام من منداڵی هەڵبژاردەی لای ئەو نەبووم، بەڵکو لە کوڕێکی دیکەی خۆی ناوی کاک سەعدە نەوەیەکی هەبوو نەوەکەی ئێستاش ماوە ناوی خالیدە ئەو نەوە خۆشەویستەکەی ئەوبوو، هەمیشە لای خۆی دایدەنا لە ئێمەش بچکۆلەتر بوو.

## چوونە بەر قوتابخانە

**کەی چوویتە قوتابخانە؟**

کە لە قولقولە ڕۆیشتین، ئیتر کوڕەکان لێکجیابوونەوە، باپیرم لەگەڵ دوو کوڕی خۆی چوونە گوندێکی تر کە پێی دەڵێن ئاشی گولان و گوندیش نەبوو باخ و ئاوێکی خۆشی هەبوو، لەوێ بۆخۆی گوندێکی دروستکرد. بابم و مامم هاتن بۆ شێخلەر، مامەکانم هەر دوو دوو دەبوونە شەریک، لەگەڵ بابم برای دوای خۆی ناوی قاسم بوو،

بە قاسم ئاغا بەناوبانگە، باوکیشم ناوی رەحمان بوو، دوای چوونە حەج پێیاندەگووت حاجی ڕەحمان ئاغا، ئیتر حاجی رەحمان ئاغا و قاسم ئاغا بوونە شەریک، ئەوان هاتنە شێخلەر، پاشان لەگەڵ ئامۆزاکانی خۆیان شاری بۆکانیان کڕی، بۆکان ئەوکاتە خاوەنی هەبوو خاوەنەکەی کابرایەکی تورکی ئازەربایجانی بوو ناوی (حەبیب) بوو پێیاندووت حەبیب ئاغای پەناهی، حەبیب وەختی خۆی بۆکانی کڕی بوو لە سەرداری بۆکان کاتێ سەردار دەستەنگ ببوو، ئەو ئاخر کەسی بنەماڵەی سەردار بوو. حەبیب لە تەورێزەوە هاتبوو بۆکانی لێکڕی و وەک موڵک چەند ساڵی لەسەربوو، بەڵام کە جەنگی جیهانی دووەم ڕوویدا هێزی دەوڵەت نەما لە کوردستان، هەموو ئەو عەجەمانەی کە لە کوردستان موڵکیان کڕیبوو ناچاربوون کوردستان بەجێبهێڵن و ژمارەشیان کەم نەبوو، ئەگەر هەر ئاوا بڕۆیشتایە وەک دەورەی رەزا شا بەشێکی زۆری دێهات و موڵک و سامانی کوردستان لەلایەن عەجەمانەوە دەکڕدرا.

**هۆکاری سیاسی لە پشت ئەو جۆرە مامەڵەکردنانەوە بوو؟**

عەجەمەکان دەوڵەمەندبوون حەزیان بە کڕین و فرۆشتن دەکرد، هۆکارە سیاسییەکەش ئەوە بوو حکومەت پشتیوانی و ئەمنیەتی بۆ دابیندەکردن و کەسیش نەیدەتوانی هیچیان پێبڵێت.

حەبیب ئاغای پەناهی، بۆکانی فرۆشت بە دوو بەرەباب، یەکێکیان بابم و مامم، یەکێکیان ئامۆزاکانیان، ماڵی ئیلخانی زادە بوون، ئەو دوو بنەماڵە بەیەکەوە شاری بۆکانیان کڕی.

من ساڵی یەکەمی خوێندنم لە بۆکانەوە دەستپێکرد، ساڵی ١٩٤٧ یان ١٩٤٦ بوو، بەلاّم من بەرلەوە کە لە شێخلەر بووم، لای بابم و لای فەقێکان کە لە حوجرەبوون ئەلف و بێم خوێندبوو و جگە لە دوو سێ جوزئی قورئان تاڕادەیەک فێری خوێندن و نووسین ببووم، کە هاتم بۆ بۆکان بردمیان بۆ قوتابخانەیەک ناوی شاپور بوو، بەناوی کوڕی ڕەزا شاوە ناونرابوو، کە بردمیان بۆ قوتابخانە تاقییانکردمەوە و بەو هۆیەوە لە پۆلی دوو دانرام.

## بەڕێوەبەری قوتابخانەکەتان ناوی چی بوو؟

ناوی مامۆستا شێخ حەسەنی کازمی بوو، کورد بوو، شێخ حەسەنی کازمی لە بنەماڵەیەکی زۆر کۆن بوون، بە رەچەڵەک لە سەیدەکانی بەرزنجەن و کاتی خۆی هاتبوون بۆ ئێران، هەم لە مەهاباد و هەم لە بۆکان خزمیان هەبوو و ئێستاش هەیانە. شێخ حەسەن پیاوێکی توند و تووڕە بوو، هەموو کەس لێی دەترسا، بەڵام پیاوێکی زۆر دڵسۆز بوو و بەوەشەوە نەدەوەستا لە قوتابخانە چاودێریی بکات، لە ناوشاریش لە ترسی ئەو نەماندەوێرا کاری خراپ بکەین. لە بازاڕ و شەقامەکان و کۆڵانەکان دەگەڕا و قوتابی ببینیایە هەڵماتێن و موشێن دەکەن، هەر لەوێ بە شوڵ دەیکوتا و دوایی دەیووت باقییەکەی هەڵگرە بۆ سبەی کە دێیتەوە بۆ قوتابخانە.

من زۆر لەو قوتابخانەیە نەمامەوە، بابم کە خۆی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند بوو و منیشی خۆشدەویست، زۆری پێخۆش بوو مامۆستایەکی تایبەت بۆ من بگرێت، کوڕەکانی دیکەی ئامۆزاشم بەبۆنەی منەوە کۆبوونەوە و شوێنێکی تایبەتی خوێندنیان بۆ داناین لە لای دیوەخانی خۆمان، کەسێکیان هێنا بووە مامۆستای

ئێمە لەو مامۆستا شێخ حەسەنە توورەتر بوو، بەڵام جیاوازیی ئەوەبوو مامۆستا شێخ حەسەن چاودێریی ئەخلاقی زۆر دەکرد، نە زۆر خوێندەواربوو و نە زۆریشی گوێدەدایە، بەڵام مامۆستا تازەکەمان ناوی شێخ ئەحمەد بوو، خەڵکی گوندی کەسنەزان بوو لە سەرشیوی سەقز، پسپۆڕ بوو لە وانەوتنەوە و وەختی خۆشی ئاغاکانی ناوچەی فەیزوڵڵا بەگی بردبویان بۆ وانەوتنەوەی منداڵەکانیان، لەبەرئەوە ناوبانگی دەرکردبوو. لەو مەکتەبە تایبەتە دەمخوێند، بەڵام هەموو کۆتایی ساڵ دەچوومە قوتابخانەی فەرمی و لەوێ تاقیکردنەوەم ئەنجام دەدا، چونکە زۆر چاک وانەی پێدەگووتم عادەتەن بە شەهادەیەکی زۆر چاک وەردەگیرام، تا شەشم تەواو کرد. پاشان ماڵمان لە بۆکانەوە چوو بۆ تەورێز، بۆیە پۆلەکانی حەوت، هەشت، نۆ و دەم لە تەورێز خوێند.

## «باوکم وەزیری دەرەوەی کۆماری کوردستان بوو» بۆچی ماڵتان لەوێ ڕۆیشت؟

باوکم لە کۆماری کوردستاندا بەشداریکردبوو،

پێشتریش لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ک) بەشداریکردبوو و ناوبانگی زۆر و چالاکییەکی زۆری بڵاوببووەوە بەناو وڵاتدا، پاشانیش کە کۆماری کوردستان دامەزرا بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد، باوکم وەزیر بوو لە کابینەکەی بۆ کاروباری دەرەوە. زۆر کەس کە ئێستا مێژوو دەنووسن، دەنووسن وەزیری موشاویر بووە، هەندێکیش دەڵێن وەزیری دەرەوە بووە. لەڕاستیدا هیچیان راست نین، بەڵکو نێوانی ئەو دووانە راستە وەک حکومەتەکەی ئێستای کوردستان، ئەوکاتە لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە ڕێگە بە کۆماری کوردستان نەدەدرا کەسێک بەناوی وەزیری دەرەوە دەستنیشانبکات، چونکە دەیانووت گەر وەزیری دەرەوەی هەبێت دەبێتە کۆمارێکی بەتەواوی سەربەخۆ، لەبەرئەوە وەزیرێک دیاریکرا بەناونیشانی (وەزیری موشاویر بۆ کاروباری دەرەوە).

دوای هاتنەوەی دەوڵەتی ئێران، تا ماوەیەک گۆشەگیر بوو، کەم دەهاتە دەرێ، لێم بیستبوو دەیووت: من لە دەورەی کۆماری کوردستان و لە دەورەی کوردایەتیدا زۆرم گاڵتە بە خەڵک کردووە «ئەو کەسانەی سەر بە

دەوڵەتن و دوای کوردایەتی ناکەون»، ئێستا هەموویان خەریکن تۆڵەم لێدەکەنەوە، دەورەی ئەوانە، حکومەت هاتووەتەوە و کوردایەتی قەدەغەیە، من دەبێت تەحەمولی ئەو شتانە بکەم، بەڵام نایکەم. لەبەرئەوە بڕیاریدا لە کوردستان بڕوات وماڵمان هات بۆ تەورێز، بەڵام چونکە بۆخۆی پیاوێکی عالم بوو و کاتی خۆی مەلایەتی تەواوکردبوو، بەڵام ئیشی پێنەدەکرد، چ مامۆستاکانی زانکۆ چ مەلاکانی تەورێز کە زانییان کەسێکی وا هاتووە بۆ تەورێز، دۆستایەتییان لەگەڵی دەستپێکرد بەتایبەتی مامۆستایەکی کورد زۆر بەناوبانگ بوو بە عیلم، مامۆستا ئەحمەدی تورجانیزادە بوو، ئەوانە بنەماڵەی قزڵجین، ئەولادی مەلا عەلی قزڵجین کە رەئیس عولەمای کورد بووە، هەموو بنەماڵەکەشیان پیاوی گەورەی عالم بوون، خۆیشی مەلایەتی کردبوو لە کوردستان، بەڵام مەیلی مەلایەتی نەما و جلوبەرگی گۆڕی و هاتە تەورێز بوو بە مامۆستای زانکۆ، چ بە بنەماڵە زۆر ئاشنای بنەماڵەی ئێمە بوون چ وەک خۆی زۆر ئاشنای باوکم بوو. لەبەرئەوە تورجانیزادە بوو بە ئەڵقەی پەیوەندیی لەنێوان عالم و مامۆستایانی زانکۆی

تەوریز و باوکم. لەبەرئەوە ماڵی ئێمە لە تەوریز بوو بە ناوەندێک بۆ کۆبوونەوە و بەحسی عیلمی، جا چ لەسەر علومی عەرەبی و چ لەسەر علومی ئیسلامی و چ لەسەر ئەدەبی فارسی. ئەوان هانیان دا و وتیان تۆ ئەو عیلمەی خوێندوتە و علومی ئیسلامی بۆ سوودی لێ وەرناگریت، ئێستا ئەوە لە تاران دەوڵەتی ئێران لەژێر گوشاری وڵاتانی عەرەبی کە سوننە مەزهەبن بڕیاریداوە لە زانکۆی تاران لە کۆلێجی ئیلاهیات کۆرسێکی فیقە و تەفسیر و حەدیس بە ریوایەتی ئەهلی سوننە دابنێت، چونکە لە تاران هەر بە ریوایەتی شیعە و فیقهی جەعفەری دەخوێنرێت و تەفسیر و حەدیسیش هەر بە ریوایەتی ئیمامەکانی شیعە دەخوێنرا. باوکم وەرگیرا، لە دوایان نارد بابێ بۆ تاران بۆ مامۆستای ئەو بەشە، ئەوەبوو بەهۆی ئەوە کە باوکم چووە ڕیزی عولەمای دینییەوە لە کۆتایی تەمەنیدا بوو چووە ئەو ڕیزەوە و لیباسیشی گۆڕی و جلوبەرگی عولەمای دینیی لەبەرکرد و چووە تاران. لە تاران مامۆستایەکی تریشی لێبوو کە ئەویش زۆر دۆستی خۆی بوو تا کۆتایی تەمەن بەیەکەوە مانەوە، حاجی شێخولئیسلامی

کوردستانییە، ئەویش مامۆستای ئەو رشتەیە بوو، ئەو دووانە پێکەوە مانەوە تا هەردووکیان فەوتیان کرد و فیقهی شافیعییان دەووتەوە.

باوکم وانـەی حەدیس و تەفسیری دەووتــەوە، بۆ ئەم مەبەستە ناچاربوو ماڵی بچێتە تاران، بۆیە دوای چوار ساڵ خوێندن لە تەورێز، ئەوجا من خوێندنم لە تاران درێژەپێدا، بەڵام لە تەورێز دیارە زمانی خەڵکەکە تورکییە و منیش تورکی فێربووم، بـەڵام زۆرنـا، من لـەبـەرئـەوەی لـە بابمەوە عەلاقەتمەندی بـە زمـان و ئـەدەب چووبووە مێشکمەوە، دیـارە ئەدەبی عەرەبی نا، چونکە من نەچوومە ئەو رشتەوە، بـەڵام ئەدەبی فارسی و کـوردی. لەبەر تێکەڵبوون لەگەڵ ئەدەبی فارسی، نەپەرژامە سەر تورکی و هەر بەشی پێویستیی رۆژانەی خۆم تورکی فێربووم، بەڵام ساڵێکیان باوکمان لەگەڵماندا نەما، ئەو ساڵە من بە تەنها مامەوە لە تەورێز لە پۆلی دەیەمدا، هاوڕێشم کەم بوو، ئەوە وایلێکردم هەر لە ماڵەوە بمێنمەوە و دەورەیەکی زۆر گرنگ لە مێژووی ئەدەبی فارسی بەسەربکەمەوە.

لە ئەدەبیاتدا، مێژووی ئەدەبیاتی فارسی دەخوێنرا، بەڵام من ئیکتیفام بەوە نەکرد، بەڵکو دەستمکرد بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی فارسی لە مێژووی دەستپێکردن و سەرهەڵدانییەوە، ئەوە بناغەیەکی بۆ پێکهێنام لە ئەدەبی فارسیدا و خۆشەویستییەکی پێبەخشیوم تائێستاش دەستم لێهەڵنەگرتووە و لەگەڵی دەژیم، بەڵام من لەمنداڵییەوە لەگەڵ ئەدەبی کوردی تێکەڵبووم، لە کۆتایی کۆماری کوردستان بەحاڵ وەبیرمدێتەوە باوکم شیعر و سروودی کوردی فێردەکردم. باوکم زۆر لە ماڵ نەدەبوو، بەڵام کە دەهاتەوە هەموو جارێک چەند ڕۆژ لە ماڵ دەبوو، کۆڵێک سروود و شیعری لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە و بۆخۆیشی ئەهلی ئەدەبیات و نووسین بوو، قەڵەمێکی زۆر بەتوانای هەبوو چ لە فارسی و چ لە کوردیدا، ئیتر منی فێر دەکرد.

من ئێستاش لەبیرمە منداڵان شیعرێکیان دەخوێندەوە، بەکۆڵاندا دەڕۆیشتین و بە هەرا دەمانخوێندەوە و دەمانووت:

**ئەگەر مەردی کوڕی کوردی لە ئاساری عەجەم هەڵدە**

**لە پێچکە و بارەگاهی تەختی جەم هەڵدە**

خۆ دیارە ئەمە جنێوبوو، ئەم سروودە لەنێو منداڵان بڵاوبوویەوە، منداڵبووین دارمان دەهێنا سواری دەبووین و دەمانووت:

**عەجەم کلکت بادەم**

**بە قوڕێتدا دەم**

**بە یادی منداڵی، ئەو شیعرانە ناڵێیتەوە؟**

سەد جاری تر دەیڵێمەوە، بەڵام ئێستا ئەو تاڵی و زبریی شۆڤێنیێتییەی تێدا نییە. ئێستا کە دەڵێم لە ئاساری عەجەم هەڵدە، میللەتی ئێرانم نایەتەوە بەرچاو، زمان و ئەدەبی فارسیم نایەتەوە بەرچاو، من ئەوانەم هەموو خۆشدەوێت، ئێستا لە زهنی مندا کە دەڵێم عەجەم، یانی داگیرکەری ئێرانی. پاشانیش بۆ لەبەرکردنی هەندێک شیعر و سروودی نیشتیمانی، باوکم پاداشتی دەدامێ و چەندین شیعری حاجی قادری کۆییم لەبەرکردووە.

**کە چوویتە تاران چۆن درێژەت بە خوێندن دا؟**

کە چوومە تاران زۆر خۆشبوو بۆ من، چونکە زمانی فەرمیی هەموو خەڵکەکە فارسی بوو و منیش فارسیم دەزانی.

## تەمەنت چەند ساڵ بوو ماڵتان چووە تاران؟

تەمەنم ١٧ ساڵان بوو، پۆلی (١١ و ١٢)م لەوێ خوێند، لەسەرەتادا زۆر دەترسام، چونکە بیستبووم دەیانووت خەڵکی تاران زۆر نوکتە دەڵێن، زۆر گاڵتە بەوانە دەکەن فارسی نازانن، بەڵام کە چووم وادەرنەچوو، ئەسڵەن خەڵکی تاران زۆر کەم بوو لە پۆلەکەمان وەک هەموو پایتەختێکی دونیا خەڵکی هەموو ناوچەکانی ئێران ماڵیان لە تاران بوو و کوڕیان دەهات بۆ خوێندن، پۆلەکەمان ٨٠ کەس دەبوو، رەنگە ٢٠ کەسیان تارانی بووبن، لەبەرئەوە کەس بەکەس پێنەدەکەنی. دووەم خۆم بناغەی ئەدەبی فارسیم زۆر چاکبوو بەجۆرێک من لە پۆلەکەدا بەرزترین نمرەی زمان و ئەدەبم هێناوە، بۆیە زۆر مورتاح بووم لەپۆلەکەدا و خەڵکەکەش زۆر کراوەبوون و زۆری پێنەچوو دەستەیەک هاوڕێی زۆر چاک و هاوتەمەن لەیەک کۆبووینەوە و کۆڕێکمان سازکرد.

## پێشتر پێشبینیی ئەمەت دەکرد؟

پێشتر پێشبینیی ئەوەم نەکرد، چوار ساڵ لە تەورێز چوار هاوڕێم بۆ پەیدا نەبوو، نەچوومە ماڵی هیچ کەس

و کەسیش نەهاتە ماڵم.

**دواتر لە چی وەرگیرایت؟**

لە حقوق وەرگیرام بەحەزی خۆم، من ساڵێک هەر وەرنەگیرام لەبەرئەوەی جگە لە حقوق نەمویست بۆ هیچ ڕشتەیەکی تر بچم، کە چومە حقوق ڕاستە لەوێش دۆست و برادەرم هەبوو، بەڵام هەرگیز ئەو کۆڕە میهرەبان و خۆشەم بۆ دروست نەبووەوە کە لە دواقۆناغی ئامادەیی هەمبوو.

## «لە ماڵی ئێمە خەڵک سوێندی بۆ کوردایەتی خواردووە»

**لە چ قۆناغێکدا ئاشنایەتیت لەگەڵ سیاسەتدا پەیداکرد؟**

ناتوانم بڵێم دەقیق لە چ ساڵێکدا ئاشنایەتیم لەگەڵ سیاسەتدا پەیداکرد، لەڕاستیدا لەوکاتەوە کە چاومکردەوە و بەشی ئەوەندە ئەقڵم پەیداکرد کە خەڵک بناسم، لەوکاتەوە بمەوێت و نەمەوێت لەگەڵ سیاسەتدا ئاشنابووم، چونکە باوکم سیاسەتی دەکرد و منیش لەماڵێکدا بووم هەموو ڕۆژێک باس باسی سیاسەت بوو.

من ئێستا ئەوەندەم لەبیرە کە خەڵک دەهاتن سوێندیان دەخوارد بۆ کۆمەڵەی (ژ.ک)، عادەتی کۆمەڵەی (ژ.ک) وابوو ئەو کەسانەی کە سوێند دەخۆن دەبێت دەست بە قورئان و ئاڵای کوردستاندا بنێن، باوکم یەکێک لەوانە بووە کە خەڵکی سوێندداوە. من نەمدەزانی دەقیقەن ئامانجەکە چییە، لەبیرمە خەڵک دەهاتن حەوشێکی گەورەمان هەبوو، حەوزێکی تێدا بوو کە لە کارێزێکەوە ئـاوی بـۆ دەهـات، هـەرکـەس دەهـات لـەو حـەوزە دەستنوێژی دەگرت پاشان دەچوو بۆ دیوەخانەکە، باوکم منی بانگدەکرد و دەیووت وەرە دانیشە لە لام، ئەوان بۆخۆیان دەستیان بە قورئاندا دەدا، من لە مانای قسەکانیان تێنەدەگەشتم، دواتر گەورەبوو ئەوەم زانی.

شتێکی تر کە دەکرا، مەولودی بوو. مەولودی، کرابوو بە بۆنەیەک بۆ کۆبونەوەی خەڵک و وتاردان، خەڵکێکی زۆر بانگدەکران، مەلایەک مەولودنامەی دەخوێندەوە. من لە مەولودییەکە هەر ئەوەندەم لەبیرە خورما و نوقوڵم بەردەکەوت، بەڵام دەزانم جگە لە مەلاکەی مەولودنامەی دەخوێندەوە، کەسی دیکەش شیعریان دەخوێندەوە. ئەوکاتە نەمدەزانی شیعرەکە چییە، بەڵام دواتر دەمزانی

ئەوەیان هەژارە و ئەوەیان خاڵە مینە و شاعیرەکانی تری ئەو سەردەمەن. منداڵێکبووم لەو سەردەمەدا کە ئاڵای کوردستانیان لە مهابادەوە هێنا بۆ بۆکان، باوکم لەوێ نەبوو، چونکە باوکم لەگەڵ شاندێک هاتبوون بۆ کوردستانی عیراق تا لەڕێی کوردستانی عیراقەوە بچن بۆ حەج، بەڵام لێرە لە کوردستانی عیراق ئەرکیان ئەوەبوو لەگەڵ حیزبی هیوا کە پاشماوەکەی تووشی شڵەژانێک ببوو هەروەها لەگەڵ کوردەکانی دانیشتووی کوردستان بەتایبەت سلێمانی و ڕەواندوز کە دەیانووت کوردی تێکۆشەری زۆرە تا لەگەڵ ئەوان گفتوگۆ بکات. بۆیە کاتێک ئاڵاکە هات بۆ کوردستان بابم لە ئێران نەبوو، بەڵام ئەوەندەم لەبیرە خەڵکێکی زۆر لە ناوشار چوونەدەر. من باپیرم لەگەڵ خۆی بردمی، ئەو لەگەڵ چەند کەسێکی هاوتەمەنی خۆی وەک حاجی بابەشێخ کە دوایی بووە سەرۆک وەزیران، پاسێکیان پەیداکرد و ئەوان سواربوون، خەڵکی دیکە بە پێ ڕۆیشتن، من لەو پاسەدا بووم، جێگایەک هەبوو لە دەرەوەی شار، ئێستا کەوتۆتە ناو شاری بۆکان، پێیاندەگووت «کێلەشین» لە کێلەشین ڕاوەستان و ئاڵا هاتوو هەموو ئاڵایان گرتوو ماچیان

کرد، بە هەزاران خەڵک ئەم ئاڵایەیان بە ناوەڕاستی شاردا هێنا تا بردیانە سەر قەڵاکەی بۆکان کە قەڵای سەرداری پێدەڵێن، لەسەر ئەم قەڵایە خەڵکێکی زۆر راوەستابوون، دیاربوو شیعریان دەووت.

**«لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بوومە ئەندامی حزب»**

**باشە مامۆستا موهتەدی کەی بەشێوەیەکی رەسمی بوویتە ئەندامی حزب؟**

لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بوو، هێشتا نەچووبوومە زانکۆ و خوێندکار بووم لە پۆلی ١١، من ئامۆزایەکم ناوی حەسەن بوو لەگەڵ کەسێکی تر ناوی کاک هەمزە بوو، ئەو لە دەورەی (ژ.ک) و کۆماری کوردستان تێکۆشابوو، ئەم سیانە پێکەوە کۆمیتەیەکمان دانا. پاش ماوەیەک کۆمیتەکەمان کاریکرد، زانیمان دەبێت پیاوێکی لە ئێمە دەسەڵاتدارتری تێدابێ بۆ ئەوەی گەر پارەیەکمان ویست بتوانین لێی وەرگرین، لەبەرئەوە کاک سەعدی مامما‌ن بانگهێشتکرد و هاتە ناو کۆمیتەکەمان و بووینە چوار کەس. ئەو کۆمیتەیە هیچ ناوێکی دوورودرێژی نەبوو، ناومانانابوو «رزگاری» هەر خۆمان ناومانانابوو رزگاری.

من دواناوەندیم تەواوکرد، لە تاران چوومە کۆلێجی یاسا، لە کۆلێجی یاسا خەڵکێکی زۆر قبوڵکرابوون. لە زانکۆ شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش ئەوەبوو هەریەکێکمان بەبێ ئەوەی یەکتری بناسین بەدوای یەک شتەوەبووین، ئەویش ئەوەبوو بزانین ئەمساڵ لە زانکۆی تاران چەند کورد قبوڵ بووە. مانگی بەسەردا تێنەپەڕی هەرچی کورد بوو ئێمە توانیمان بیانناسین، پاشانیش کەوتینە خۆڕێکخستن. ئەمە یەکەم ڕێکخستنی گەورە و بە کۆمەڵ بوو دوای کۆمیتەکەی رزگاری و ناومانا «یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانستگای تاران». پاش ئەوەی لە شارەکانی تریش زانکۆ کرایەوە و کوردی لێبوو، ناوەکەیمان گۆڕی بۆ «یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی ئێران». هەموو بەیەکەوە بۆ مەسەلەکان دەچووین و کەس نەبوو سەرۆکمان بێت، بەڵام ئەوانەی کۆمیتەکەیان پێکهێنا ئەمانەبوون (عەزیزی ژیان، حەمەدەمینی سەراجی و مستەفای ئیسحاقی و ئەمیری قازی و من)، ئەمە کۆمیتە سەرەکییەکە بوو. ئێمە ئەوکات هەموومان ١٠٠٪ کوردستانیانە بیرماندەکردەوە و دەمانووت کورد

یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک نیشتمانە، دەبێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دروستبێت. بێگومان بەم پەیڕەوەوە نەماندەتوانی شتێکی ئاشکرا دانێین، بۆیە یەکێتی خوێندکارانی کورد وەک حیزبێکی زۆر نهێنیکار و پتەوی لێهات، بەڵام ئەوکاتە سەردەمێک بوو کە وردە وردە ئازادی و دیموکراسی دەگەیشتە ئێران. ڕێگا درابوو یەکێتی خوێندکارانی پارێزگا جۆراوجۆرەکانی ئێران دروستببن، وەک خوێندکارانی خۆراسان و خوێندکارانی ئەسفەهان. ئێمە لەوە سوودمان وەرگرت بۆ ئەوەی یەکێتییەکی خوێندکارانی کوردیی وا دابنێین کە بیروباوەڕێکی قابیلی ئاشکراکردنی هەبێت و بچین مۆڵەتی بۆ وەرگرین. سەیرەکە لەوەدایە لە وڵاتانی تر کە کوردی تێدایە قەدەغە نییە بڵێیت کورد، بەڵام قەدەغەیە بڵێیت کوردستان. ئێمە لە ئێران کە پەیڕەو و پرۆگرامەکەمان پێشکەشکرد، نووسیمان یەکێتی خوێندکارانی کورد.

### هۆکاری ئەوە چی بوو؟

هۆکارەکەی ئەوەبوو لە ئێران بڵێیت کوردستان بە یەک ئوستان دەووترێت ئەویش سنەیە، ئیتر کرماشانی

لەگەڵ نابێت هەروەها ئازەربایجانی لەگەڵ نابێت کە عیبارەتە لە موکریان و مهاباد و بۆکان. لەبەرئەوە دەبوو بڵێین کورد، دەوڵەتیش پەیڕەو و پرۆگرامەکەی ئێمەی لەسەر ئەوە راگرت. وتی نابێت بنووسن کورد ئەمە شتێکی رەگەزییە، دەبێت بنووسن کوردستان. ئێمە ئامادە نەبووین ئەوە بکەین، چونکە خەڵکەکەی تر نەیدەتوانی بچێت، بەڵام یەک شتی باشبوو کە تۆ پەیڕەو و پرۆگرامێکت پێشکەشدەکرد بۆ ئەوەی مۆڵەت وەربگریت، تا ئەوکاتەی مۆڵەتت بۆ دەهاتەوە بۆت هەبوو چالاکیی بکەیت بەپێی یاسا. ئێمە لەوە سوودمان وەرگرت کە دەوڵەت وەڵامەکەی نەهێنایەوە، بۆیە ئێمە چالاکیی خۆمان بە ئاشکرا دەکرد. ئەم یەکێتییە لەواقیعدا بووبوو بە سەرپۆشێک بۆ یەکێتییە ئەسڵییەکە و ژمارەیەک لە هاوڕێکانی خۆمان کرد بە بەرپرس و مەئمور کە سەرپەرشتیی ئەم یەکێتییە ئاشکرایە بکەن و ئێمەش لە ژێر سایەی ئەواندا خۆمان بشارینەوە و چالاکیی نهێنیی خۆمان بەڕێوەبەرین، ئەمە دەورانێکی زۆر خاوەن بەهرە و دەستکەوت بوو بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی لە ئێران.

**ئەو یەکێتییەی ئێوە چەند ساڵ لە کارکردن بەردەوام بوو؟**

ئەمە لە ١٩٥٨ تا ١٩٦١ بوو کە من ڕۆیشتم لە ئێران و هاتم بۆ پێشمەرگایەتی بۆ کوردستانی عیراق، تا ٦١ خۆم تێیدا بەشداربووم، لە ٦١ەوە تا ناوەڕاستی ٦٣ توانییان درێژە بە چالاکیی خۆیان بدەن، تا ئەوکاتەی سازمانی ئەمنیەتی ئێران ئۆپراسیۆنێکی زۆر گەورەی کردە سەر خوێندکاران، بەڵام ئەوکاتە من ساڵ و نیوێک بوو ڕۆیشتبووم.

**ئەو یەکێتییەی ئێوە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە حزبی یموکراتەوە هەبوو؟**

ئێمە کە یەکێتی خوێندکارانی کوردمان دروستکرد سەر بە هیچ حیزبێک نەبووین. ئەگەر کەسێک لە ئێمەومانان بە نهێنیی پەیوەندییەکی بووبێت لەگەڵ حیزبی دیموکرات، من ئاگام لێی نەبووە، چونکە هەندێکیان لە ئێمە بەتەمەنتربوون بەتایبەت ئەوانەی خەڵکی مەهاباد بوون و حیزبی دیموکراتیش لەکۆنەوە لە مهاباد چالاکیی هەبوو. ئەگەر ئەوانە پەیوەندییەکیان بووبێت لەحیزبایەتیدا بۆ ئێمە ئاشکرا نەبووە و هیچ

کاریگەرییەکی نەبوو، چونکە ئیشیان بۆ حیزبی دیموکرات نەدەکرد هەتا وردە وردە یەکێتی خوێندکاران زۆر پەرەیسەند لە زانستگای تارانەوە بۆ زانستگاکانی شارەکانی تر، ئێمە بڕیارماندا پەیوەندییەکەمان پەرەپێبدەین بۆ ناو شارەکان، بۆ غەیری خوێندکاران چووین و رووومانکردە خوێندکارانی قوتابخانەکانی ناوەندی و دواناوەندی. لەبەرئەوەی لە ئێران بە خوێندکارانی زانکۆ دەڵێن دانیشجوو و بە خوێندکاری قوتابخانەش دەڵێن دانیشئاموز، ئێمە یەکێتییەکەمان فراوانکرد و توانیمان کۆمیتەی دانیشئاموز دروستبکەین لە شارەکان. ئەم زیاد پەرەسەندنە ئێمەی ترساند، خەڵک لە پەرەنەسەندن و ئێمە لە پەرەسەندن ترساین.

## بۆچی لە فراوانبوونی خەبات و بازنەی رێکخستنەکانتان دەترسان؟

چونکە ئەوکاتە مەلا مستەفای بارزانی لە سۆڤیەت هاتبووەوە و پارتی دیموکراتی کوردستان چالاکیی دەستپێکردبوو، ئیتر هەموولا روویان لە کوردستانی عیراق بوو، سەروبەندی ئەوەش بوو کە شۆڕشی

ئەیلول لە کوردستانی عیراق دەستپێبکات لە ١٩٦١، ئەوە وای لە ئێمە کرد، چونکە لەوێ حیزبی فەرمی هەیە و مەلا مستەفاش سەرۆکە، ئێمە حیزبێک لێرە دابنێین ئەوە دووبەرەکی دروستدەکات.

**ئەمە هەستکردن بوو بە بەرسیارێتی نیشتیمانی لەوکاتەدا؟**

زۆر زۆر، خۆمان کۆبووینەوە و بە کۆمەڵ بڕیارماندا کە نابێت دوو حیزب لە کوردستان و دوو سەرۆکیش هەبێت. هیچ پەیامێکیشمان بۆ نەهاتبوو و پەیامیشمان نەناردبوو، ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی ئیتر پەیام بنێرین. دیارە ئەوە بۆچوونی ئەوکاتە بوو، ئێستا من لایەنگری پلۆڕالیزمم، لەجیاتی یەک سەرۆک دەکرێت چەند سەرۆک هەبێت و لەجیاتی یەک حیزب دەکرێت چەند حیزب هەبێت، بەڵام لەڕاستیدا بڕوامان وابوو کە کوردستان یەک نیشتمان و یەک نەتەوەیە، یەک حیزبی دەوێت، یەک سەرۆکی دەوێت. ئەوکاتە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوایە زۆری پێخۆش دەبوو ئێمەی ئاوا ببینیایە، بۆیە دەستمانکرد بەوەی پەیوەندی بگرین.

کابرایەکی زۆر پیاوچاک و تێکۆشەری کۆن هەبوو لە بۆکان، هەم لە زەمانی (ژ.ک) و هەم لە زەمانی کۆماری کوردستان، دوای ئەوەش رایکرد بۆ کوردستان و لە سلێمانی بوو، دوای چەند ساڵ گەڕابووەوە کاسبی دەکرد. ئێمە ئەومان هەڵبژارد و نامەیەکمان پێدا نارد و پێش نامەکەش ڕاسپاردەیەکی زارەکیمان پێدا نارد، زۆری پێنەچوو وتی «ڕاستییەکەی هیچ کەسم نەدیووە.» وتمان «بۆ؟» وتی «ئەوانەی من دەمناسین کە وەختی خۆی لە سلێمانی بووم هەموویان ئێستا قاچاغن.» ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول بوو، پێش ئەوەی شەڕ دەستپێبکات. وتی «من ئیبراهیم ئەحمەد و نوری ئەحمەد تەهام دەناسی و لەگەڵ ئەو دووانە پەیوەندیم هەبوو، بەڵام ئێستا هەردووکیان قاچاغن، لەبەرئەوە نەمتوانی کەس ببینم.»

ماوەیەکی پێچوو ئەمجا تەقە دەستیپێکرد، هی ئەیلول، دیسان ناردمانەوە، چونکە بۆخۆی کاسب بوو، چای دەکڕی و سابونی لۆکسی بۆ دەهات، ئەمانەش بەهۆی کەسێک بوو بەناوی قالە تەگەرانی کە خەڵکی ئەم تەگەرانەی شارباژێڕ بوو، قاچاغچێتی و مامەڵەی

دەکرد و لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتی دەکرد. مەلا عەبدوڵلا ئاشنای ئەو بوو، مەسەلەکەی بۆ قالە تەگەرانی گێڕابوویەوە، قالە تەگەرانیش مەسەلەکەی بۆ ئەحمەد تۆفیق باسکردبوو. مەلا عەبدوڵلا ئەوانی نەدیبوو، بەڵام قالە تەگەرانی وتبووی من دوو کەس دەناسم کە بابەتی ئەو راسپاردەیەی تۆن و دەتبەمە لای ئەوان. بردبوویە لای عەبدوڵڵای ئیسحاقی، بڵێین ئەحمەد تۆفیق و سلێمانی موعینی کە پێیاندەووت فایەقی ئەمین ئەحمەد تۆفیق ئەوکاتە بەرپرس و کاربەدەستی دیموکرات بوو، کە قسەکە دەبیستێت ئەوان رێکخستنێکی گەورەیان هەیە و هەموو خوێندکارانیان لەگەڵە و خەڵکی شارەکانیشیان زۆر لەگەڵ کەوتووە، بۆیە وەکو حەوت مێشیان لە کلۆرە دارێکدا دۆزیبێتەوە وابوو، چونکە ئەو وەختە رێکخستنی حیزبی دیموکرات زۆر شەقوشڕ بوو، کەسیان نەمابوو، خەڵکیان زۆر لێ گیرابوو، ناکۆکی و دووبەرەکی ناوخۆیی هەر بە جارێ بڕستی لێ بڕیبوون. ئیتر مەلا عەبدوڵلا دەگرێ و نامەیەکی پێدا دەنووسێ و دەڵێ وەڵلا ئەو کەسەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێی منم، بەڵێ ئێمەیش وەکو ئەوان بیردەکەینەوە،

کوردستان یەک نیشتیمانە و یەک حیزبمان هەیە و جیاوازیی ئێمە و پارتیش نییە «تەبعەن ئەوانەی ئەو وتی هیچیان ڕاست نەبوو»، بەڵام وای بە ئێمە وت. هەروەها وتبووی گەورەی هەمووشمان مەلا مستەفایە، بەڵام وەکو دوو لق ئیشدەکەین، لقێک بۆ عیراق و لقێک بۆ ئێران، ئەوە ئیبراهیم ئەحمەد بەرپرسی لقی عیراقە و منیش بەرپرسی لقەکەی کوردستانی ئێرانم، پاشانیش نامەیەکی گەرموگوڕ و هاندەرانەی نووسیبوو بۆ ئێمە.

**ئەو نامەیەت لاماوە؟**

نەوەڵڵا هیچم لانەماوە. ئێمەی خوێندکاران ئیتر حەزمان پەیداکرد، زانیمان کە پەیوەندیمان پەیداکردووە لەگەڵ دیوی گەرمێن «هەڵبەت ئێمە بە کوردستانی عیراقمان دەووت گەرمێن» و خەریکین دوو حیزب ڕێکدەخەین. زۆری پێنەچوو قادر تەگەرانی خۆی هات و مزگێنی پێداین کە سلێمانی موعینی خۆی دێت بۆ چاوپێکەوتنمان. سلێمانی موعینی پێشمەرگە بوو، شۆڕش لە کوردستانی عیراق دەستیپێکردبوو، سلێمان هات و نزیکەی ١٥ پێشمەرگەیەکی لەگەڵ بوو، ئەوانە

یەکەمین پۆلە پێشمەرگەبوون کە من لەژیانمدا بینیمن. منیش لەلایەن ئەو ڕێکخستنەی خۆمانەوە کرام بە بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکان، من لە تارانەوە هاتمەوە، لە ماڵی کاک حەسەنی ئامۆزام کە پێشتریش کۆمەڵەیەکی نهێنیمان دامەزراندبوو پێکەوە، لە گوندی قەرەگوێز لەگەڵ کاک سلێمانی موعینی یەکمان بینی و کۆبووینەوە و پاشانیش ئەو شوێنە وەک بنکەیەکی لێهاتبوو بۆ ئێمە. موعینی جارێکی تریش لەوێ تەئکیدیکردەوە کە ئێمە یەک حیزبین و یەک نیشتیمانمان هەیە، ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە بڕیارماندا پەیوەندی بکەین بە حیزبی دیموکراتەوە، پاشان بە کۆمەڵ پەیوەندیمان کرد بە حیزبەوە، بەڵام هێشتا بەرپرسیارێتیی دابەشنەکرابوو، هەر ئەوەندەبوو دەمانزانی ئێمە ئەندامی حیزبی دیموکراتین و ئیش بۆ ئەو حیزبە دەکەین، بەڵام کۆمیتەی ڕێبەرایەتی ڕێکخراوەکەمان هەروەکو خۆی مابوویەوە، تا چەند مانگ دوای ئەوە ئەحمەد تۆفیق بەنهێنی هات بۆ تاران و توانیمان لەوێ ببینین، بۆ یەکەمجار لەوێ ئەحمەد تۆفیق باسی ناکۆکیی کرد، باسی ناکۆکیی مەلا مستەفا و پارتی کرد.

بێگومان ئەوە ئێمەی زۆر ناڕەحەت و نیگەران کرد. هەر لەوێ ئێمە بەرپرسیارێتیمان بۆ دابەشکرا، لەسەر پێشنیازی ئەحمەد تۆفیق کۆمیتەی حیزبیمان جیاکردەوە لە خوێندکاری، سێ کەس بووینە کۆمیتەی حیزبی: عەزیزی ژیان، مستەفای ئیسحاقی کە برای خۆی بوو لەگەڵ من، هەر سێکیشمان خوێندکاری زانکۆ بووین. ئەوانی تر کە لەپێشەوە ناوەکانیانم وت و هەندێکی تریشان لەگەڵ کەوت، کران بە کۆمیتەی خوێندکاری. بڕیاریشماندا هەروەختێ لە کۆمیتەی حیزبی کەسێک بە هەر هۆکارێک نەما، ئەوا یەکێک لە کۆمیتەی خوێندکاری کاندید دەکرێت و جێگای ئەو دەگرێتەوە. ماوەیەک بەو شێوەیە ڕۆیشت، کۆمیتەی حیزبی و کۆمیتەی خوێندکاری هەبوو، بەڵام کۆمیتە خوێندکارییەکە لەژێر سەرپەرشتیی کۆمیتە حیزبییەکەدا کاریدەکرد، تا وایلێهات پێویستبوو من بڕۆم، بۆیە کوردستانی ئێرانم بەجێهێشت بەرەو کوردستانی عیراق.

**هۆکاری ئەو بەجێهێشتنەت چی بوو؟**

ئێمە لەو ماوەیەدا کە لە کۆمیتەی بەڕێوەبەری خوێندکارانی کوردستانی ئێران بووین، نامە و پەیاممان

پێگەیشت لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە ئەوکاتە د.عیسمەت شەریف وانلی سەرۆک و د.کەمال فوئاد سکرتێری بوو. ئێمە نامەکانمان لەگەڵ کەمال فوئاد ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئیتر وایلێهات پەیوەندییەکی توندوتۆڵمان لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دروستکرد، هەروەها لەنێوان زانکۆکانی ئێران و زانکۆکانی ئەوروپا. یەکێک لەو نووسراوانەی کە بۆیان ناردین پێشنووسی پڕۆژەیەک بوو کە پێویستە یەک کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەسەر ئاستی کوردستانی گەورە دابنرێت، هەر چوار پارچەکەی کوردستان یەکی نوێنەرێک و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیش کە هی هەموو پارچەکانی تری تێدایە ئەویش نوێنەرێک، بەو شێوەیە کۆمیتەیەکی پێنج کەسی بۆ نوێنەرایەتی بزووتنەوەی خوێندکارانی کورد لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنرێت.

## «بڕیارماندا نوێنەرایەتییەکی یەکگرتووی کوردستانی دروست بکەین»

**ئەو پێنج کەسە کێ بوون؟**

نەماندەزانی، چونکە نوێنەرانی هەر پارچەیەک دەبوو لەلایەن خۆیانەوە نوێنەرەکەی دیارییبکرێت. لە ئێران منیان دەستنیشانکرد، ئێمە پڕۆژەکەمان زۆر بەدڵبوو، چونکە نیشانەی یەکگرتنەوە و کوردستانیبوون و کوردایەتی بوو کە ئێمەش کارمان بۆ ئەوە دەکرد، بۆیە بڕیار درا من بێمە کوردستانی عیراق و لەوێوە بچم بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوە لە کوردستانی عیراق دەبوو دوو ئەرکی تریش جێبەجێ بکەم:

یەکەم: ئەو ناکۆکییەی کە ئەحمەد تۆفیق بۆی باسکردین لەنێوان مەلا مستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد، بزانین وایە یان وانییە، لەو نێوەندەشدا کامیان لەسەر حەقن.

دووەم: لەناو خودی حیزبی دیموکراتیشەوە هەواڵمان بۆ دەهات کە دووبەرەکیی و ململانێ هەیە، بزانین راستیی ئەو بابەتەش چۆنە. پاش روونبوونەوە

و گەیشتنە ئەنجامی ئەو دوو خاڵە لەماوەیەکی کەمدا دەبـوو راپۆرتێک بنووسم و بۆیان بنێرمەوە و من لەوێوە بڕۆم بۆ ئەوروپا، بەڵام کە هاتم بۆ کوردستانی عیراق وا شۆڕشەکە گەرموگوڕ بووبوو، ئاسان نەبوو بۆ گەنجێکی پڕ لە ورە و حەماسەت وا بە ئاسانی جێیبهێڵێت و دڵی هەڵکەندرێ، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە ئەم ناکۆکییانە هەبوو، بەڵام ناکۆکیی هەرە گەورە ناکۆکیی ناوخۆیی حیزبی دیموکرات بوو کە ئێمە کەممان لەسەر بیستبوو لەکاتێکدا بارودۆخی ناو حیزب زۆر خراپ بوو.

من نامەیەکم نووسی بۆ هاوڕێکانم، «ئەڵێن ئەو نامەیە لە ئێران ماوە، بەڵام لەدەست مندا نییە»، لە نامەکەدا ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە بەڵێ ناکۆکیی مەلا مستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد راستە، بەڵام جارێ هەر بەیەکەوەن و شەڕ نییە، مەلا مستەفا سەرۆک و ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتییە، هەروەها ئەوەشم بۆ روونکردبوونەوە کە ئیبراهیم ئەحمەد خۆی نەشاردبووەوە، بەڵکو لە ئەشکەوتێکدایە لە مالومە و ئەویش بارەگای مەکتەبی سیاسییە و دە هـەزار پێشمەرگەیان هەیە، هەروەها

مەلا مستەفاش سەرۆکە و دەگەڕێت و کەس حاشای لە سەرۆکایەتی ئەو نییە و بە هەزاران پێشمەرگەی لەگەڵە. بەهەرحاڵ کێشەی گەورە ئەوەبوو لەناوخۆی حیزبی دیموکراتدا «حیزبەکەی خۆمان» دووبەرەکیی هەیە.

**«نامەکەی من یەکێتیی خوێندکارانی دوولەت کرد»**

**واتە دووبەرەکییەکەی ناوخۆی حیزبی دیموکرات زەقتر بوو؟**

بەڵێ ئەویان زەقتر بوو، چونکە لەبەریەک هەڵوەشابوو، بەهەموویەوە دە پازدە بیست کەسێک مابوون. سەرنجێکم خستەڕوو لەو نامەیەدا ئەویش: «ئەوانەی ئیدیعای سەرۆکایەتی حیزبی دیموکرات دەکەن زۆرن، بۆ ئێمەش ساغنابێتەوە لەسەر یەکێکیان ڕێکبکەوین، غەنی بلووریان لە زینداندا خۆی بە سکرتێر دەزانێ، عەزیزی یوسفی هەروەها، د.مەولەوی خۆی بە سکرتێر دەزانێ، د.قاسملو لە چیکۆسلۆفاکیا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات خۆی بە سکرتێر دەزانێ، هەروەها ئەحمەد تۆفیقیش خۆی بە سکرتێر دەزانێ»، بێگومان ئەو

ناکۆکییەش کۆن بوو و لە پێش ئێمەوە هەبوو، هیچ دەستێکی ئێمەی تێدا نەبوو.

**بۆ هەوڵتان نەدا ئەو ناکۆکییانە چارەسەربکەن، توانای ئەوەتان نەبوو؟**

نەخێر توانای چارەسەرکردنیمان نەبوو، ئەو سکرتێرانەش زۆر لەیەکەوە دووربوون، یەک لە زیندان و یەک لە ئەورووپا و یەکی تریش لەناو شۆڕش بوون، کەوابوو من پێشنیازێکم خستەڕوو: «ئێمە کەوا لە کۆمیتەی ڕێکخستنی تاران سێ کەس بووین و دوای هاتنە دەرەوەی من ئەمیری قازی هاتە شوێنەکەم، ئەو کۆمیتە حیزبییە دوو کەسی تریشی بۆ زیادبکەن بابێتە پێنج کەس و جێگای کۆمیتەی مەرکەزی بگرێتەوە، لە هەموو ئێران چالاکیی بکات و ئەرکەکانی کۆمیتەی مەرکەزیی ڕاپەڕێنێت، کارتان بە ناکۆکیی ئەوانەوە نەبێت و ئێوە حیزبی دیموکرات ببەنەپێشەوە، ئەگەر ئەوان لە زیندان ئازادبوون یان لە ئەورووپا گەڕانەوە، ئەوا کۆنگرەیەک دەبەستین و سکرتێر هەڵدەبژێرین.»، ئەو پێشنیازەی من ئاژاوەیەکی سازکرد لەنێو خوێندکاراندا، هەندێک

وتیان: بەڵێ راستدەکات، نوێنەری خۆمانە و ناردوومانە و خۆشمان بەرپرسیارێتییەکی لەو شێوەیەمان پێ سپاردووە کە راستییەکانمان بۆ روونبکاتەوە و ئێستاش دەبێت بەقسەی بکەین. هەندێکی تر وتیان: نەخێر خۆی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق تووشی کێشە بووە و خۆشی بووەتە بەشێک لەم کێشەیە، لەبەرئەوە بەقسەی ناکەین، بۆیە نامەکەی من یەکێتی خوێندکارانی دوولەتکرد.

**ئەمە زیانی هەبوو لەوکاتەدا؟**

بەڵێ زۆر زیانی هەبوو، ئێمە ئەگەر هەموو لە تاران پێکەوەبووینایە، راستە حیزب نەبووین، بەڵام هێندەی حیزبێک دەسەڵاتمان هەبوو و بەهێزبووین.

**کێشەکەی ئێوە و ئەحمەد تۆفیق چی بوو؟**

لە کوردستان ماوەیەک لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق زۆر بەباشی بەڕێوەچووین، بەڵام دوو هۆکار وایکرد کە ئێمە دوورکەوینەوە لەیەک و کێشە بکەوێتە نێوانمانەوە. هۆکارێکیان، رەفتاری شەخسیی ئەحمەد تۆفیق بوو، پیاوێکی توندوتیژ، قسەڕەق، دیکتاتۆر

و تاکڕەو و نەشارەزا لە کاروباری حیزبیدا، مانەوە لەگەڵی سەختبوو، هەرچی خۆی ویستبای هەر ئەوەی دەکرد، بەڵام لەوانە زیاتر هەرچی تر کە ناڕازییەکان لە ئەحمەد تۆفیق لەسەر ئەو دەیڵێین، ئەوەندەی من ئاگاداربم و بۆ مێژوو شاهیدی بۆ بدەم، هەموویان بوختانن. بۆ نموونە، دەیانگووت بووە بە پیاوی ئێران، بووە بە پیاوی ئەمریکا، دەیانووت لایداوە لە ڕێبازی کوردایەتی و ویستوویەتی کوردستان بفرۆشێ، هەموو ئەوانە بوختان و درۆبوون.

## دەتەوێت بڵێیت پیاوێکی دڵسۆز، بەڵام تاکڕەوبوو؟

زۆر دڵسۆز، نیشتیمانپەروەر، کوردپەروەر و ناسیۆنالیست بوو، بەڵام ئەوەی لە زیانی ئەوبوو ڕەفتاری شەخسیی خۆی بوو کە نەدەحەوایەوە و لە هەر حیزبێکدا بووایە سێ مانگی پێنەدەچوو لەتوپەتی دەکرد. هۆکارەکەی تریشیان ئەوەبوو ئەحمەد تۆفیق پیاوێکی ناسیۆنالیست بوو، ئەوکاتەش مۆدێلی بیروباوەڕی چەپ لەئارادابوو، هەر بۆخۆی حیزبی دیموکرات تاڕادەیەک چەپ بوو، حیزبی تودەی ئێران کە وەکو سەرپەرشتیی حیزبی دیموکرات

خۆی دەبینییەوە هەر چەپ بوو، حیزبی شیوعی عیراق هەروەها هەندێک لە برادەرانی نێو پارتیش، بۆیە هەموو ئەوانە خاڵی هاوبەشیان لە دژی ئەحمەد تۆفیق هەبوو، هەموویان بوختان و قسەی ناڕەوایان دەخستەپاڵی. پاشانیش ئەحمەد تۆفیق گیرا و خرایە زیندانەوە لە عیراق و حیزبی دیموکرات کۆنگرەی سازکرد و خۆی نوێکردەوە. د.قاسملو هات، ئێ قاسملو خۆی لەسەر بڕیاری ئەحمەد تۆفیق دەرکرابوو، سەرکردایەتی تازەی حیزبی دیموکرات دەستی هەبوو لەم ناوزڕاندنەدا.

**مەبەستت لەوەیە لە زیندانیکردن و بەدەستەوەدانی ئەحمەد تۆفیقدا دەستیان هەبوو؟**

نەخێر، بەڵکو لە دروستکردن و بڵاوەپێکردنی ئەو بوختانانەی بۆ ئەحمەد تۆفیق دەکران، بەشێک لە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق دەستیان هەبوو، حیزبی شیوعی و حیزبی تودەی ئێرانیش دەستیان هەبوو. ئەحمەد تۆفیق تەنیا مەلا مستەفای بەدەستەوە مابوو، بەڵام ئەو سروشتە تاکڕەو و سەرەڕۆیەی خۆی وردە وردە لە مەلا

مستەفاشی دوورخستەوە بەتایبەت کاتێک شۆڕشی ئەیلول پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیبوو، چەند جارێک ئێران داوای لە بارزانی و سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول کردبوو کەوا کوردەکانی ئێران دووربخاتەوە لە سنوور. ئەوانیش ئەحمەد تۆفیقیان دوورخستەوە و ناردیان بۆ بەرواریی باڵا کە ئەوکاتە ئەسعەد خۆشەوی لەوێ فەرماندەی پێشمەرگە بوو، دایانە دەست ئەو.

ئەحمەد تۆفیق زۆر نامورتاح بوو، چونکە زۆر وەفادارانە خزمەتی بارزانی کردبوو و لەسەر ئەو تووشی شەڕ بووبوو، لەوەش دەترسا نەوەک ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ ئەوەی تەسلیمی ئێرانی بکەنەوە. ئەو وەختەیش ئەحمەد تۆفیق لە بارەگاکەی خۆی نەمابوو، جەماعەتی پەڕاگەندەی حیزبی دیموکرات هاتبوون و لەوێ کۆببوونەوە و خەریکبوو یەکیان دەگرت و هەموویان رەفزی ئەحمەد تۆفیقیان دەکردەوە، لەبەرئەوە حیزبەکەی خۆیشی بەدەستەوە نەما، بۆیە لە بەرواری باڵا هەڵهات و رۆیشت و خۆی تەسلیمی دەوڵەتی عیراق کرد، لە بەغدا بەناوی ئۆپۆزسیۆنی

ئێرانەوە زۆریان ڕێز لێگرت بەتایبەت کە دەیانزانی زۆر نزیکبووە لە مەلا مستەفا و زۆر شت دەربارەی ئەو دەزانیێ. حیزبی دیموکراتیش کە تازە خەریکبوو خۆی ڕێکدەخستەوە و د.قاسملو لە دەرەوە گەڕابووەوە، هەر لە شاری بەغدا کۆنگرەی سێیەمیان سازکرد و د.قاسملو بوو بە سکرتێر. ئیتر ئەحمەد تۆفیق دەرەتانی بەدەستەوە نەما، هەر عیراقی بۆ مابووەوە و ئەوانیش لێی ڕازی نەبوون. بەبۆچوونی من دوو هۆکاری هەبوو. یەکەمیان، ئەو بوختانانەی بۆیان دەووتەوە کە پیاوی ئەمریکا و ئێرانە و ئەوەش دەوڵەتی عیراقی نیگەران کردبوو. دووەمیان، ئەو زانیاریانەی ئەوان لەسەر شەخسی بارزانی و شۆڕشی کورد داوایان کردبوو، نەیدابوونێ، لەبەرئەوە گرتیان.

من ئەوکاتە لێرە نەمابووم، بەڵکو چووبوومەوە بۆ ئێران و لە زانکۆ دەستمکردبووەوە بە خوێندن، بەڵام ئەوەی کە دواتر بیستم سەردەمێک دەکرا ئەحمەد تۆفیق بە سپاردەی چەند هەزار دینارێک ئازاد بکرێت، بەڵام سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات کە لەگەڵی ناکۆکبوون نەیاندەویست ئازادبکرێت و حەزیاندەکرد هەر لەزینداندا

بمێنێتەوە، چونکە پێشتر هەموویان کوژراوی دەستی ئەو بوون و پەڕاگەندەی کردبوون.

**ئەمە پێی ناوترێت زوڵمێکی مێژوویی حیزبی دیموکرات لە سەرۆکی پێشوویان؟**

بەڵام حیزبی دیموکرات ئینکاری ئەوە دەکەن، وا مەشهور بوو لای ئێمە کە ئەوان ئامادەنەبوون کەفالەتی بکەن، پاشان من لە سەرکردەکانی حیزبی دیموکرات و بەتایبەت شەخسی مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادەم بە وردیی پرسیووە، مامۆستا حەسەنزادە لە بناغەوە ئینکاری دەکات. دەڵێ نەخێر کەفالەت لەگۆڕێدا نەبووە و شتی واشیان بە ئێمە نەوتووە و هیچ دەستیشمان لە گرتن و زیندانیکردنیدا نەبووە. من خۆم باوەڕم بە قسەکانی مامۆستا عەولا کردووە، خەڵکی تریش خۆیان دەزانن، بەڵام بەهەرحاڵ لە زیندان مایەوە تا سەردەمی نازم گەزار، بەشێکی زۆر لەو ئێرانیانەی کە عیراق سازیکردبوون بەگژ دەوڵەتی ئێرانیاندا بدات و قاله تەگەرانی کردبوو بە سەرۆکیان، ئەوانە کەوتنە ژێر گومانەوە و وا بڵاوبووەوە کە تەگەرانی دەستی تێکەڵ

بووە لەگەڵ شۆڕشی ئەیلول و بارزانی، لەبەرئەوە دەوڵەتی عیراق زۆربەیانی گرتن و لە زیندان کوشتنی، ئەحمەد تۆفیقیش بەر ئەو کوشتارە بەکۆمەڵە کەوت، وەکو پاشان بیستمەوە لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهیدبووە.

## «حیزبی دیموکرات باوەڕی بە سەربەخۆیی نەمابوو»

**سەبارەت بە جەنابت، ساڵی چەند بەتەواوی وازت لە حیزبی دیموکرات هێنا؟**

ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ ئەو کۆمەڵە برادەرەی کە باسمکرد جیابووینەوە لە حیزبی دیموکرات، بۆ ئەوەش دوو کێشەمان هەبوو. یەکەم، ڕەفتارەکانی شەخسی ئەحمەد تۆفیق بوو. دووەم، ئێمە بیروباوەڕە قەومییەکەمان هەر مابووەوە و حیزبی دیموکراتیش باسی مانەوەی لە چوارچێوەی ئێراندا دەکرد و باوەڕی بە سەربەخۆیی کوردستان نەبوو. ئەم چەند کەسە (مەلا ڕەحمانی ئاوارە، عومەر سادق نەگڵی، جەمیلی مەردۆخ، مەلا سەید ڕەشیدی سەقز، محەمەدی ئیلخانیزادە و من) کۆبووینەوە و بڕیارماندا نەبینە باڵێک لە حیزبی دیموکرات

کە تا ئەوکاتە واباوبوو ئەوانەی ناکۆکییان هەبوو لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق، خۆیان دەهاتنە دەرێ و هەر بەناوی حیزبی دیموکرات وەک باڵێک دەمانەوە. ئێمە پێمانوابوو ئەوە ناگاتە هیچ کوێ و ئێمە بیروباوەڕیشمان لەگەڵ ئەوان جیاوازبوو، بۆیە خۆمان حیزبێکمان دامەزراند بەناوی (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان).

**کێ بووە سکرتێری ئەو حزبە؟**

بەشێوەیەکی رەسمی کەس نەبوو بە سکرتێر، بەڵام دەتوانم بڵێم بەکردەوە نەک بە یاسا من کەسی یەکەمی ئەو حیزبە بووم.

**پاشان چیتانکرد و بەرەو کوێ چوون؟**

ئێمە گەشەیەکی یەکجار باشمانکرد، لەناو ئێراندا چالاکییەکی زۆر باشمان هەبوو، هەم یارمەتی شۆڕشی کوردمان دەدا بە هەردوو باڵەکەیەوە و هەمیش خۆمان چالاکیی باشمان دەکرد. تا ئەوکاتەی ئەحمەد تۆفیق لە لای مەلا مستەفا شکاتی لێکردین و دیاربوو بارزانی تێگەیاندبوو کە ئێمە کەلەبەرێکی گەورەین

لەناو کوردستانی ئێراندا و ئیشەکەی ئەو تێکدەدەین. راستییەکەی، بارزانی زۆری هەوڵیدا ئێمە یەکبخاتەوە، ئێمە نەماندەویست رێکبکەوینەوە و لەپێشەوەیش هۆکارەکانم روونکردەوە، بۆیە کەوتینە ژێر فشارەوە و ترسی ئەوەمان هەبوو ئەحمەد تۆفیق سوود لەو نزیکییەی کە لەگەڵ بارزانی هەیبوو ببینێت و هێزی پێشمەرگە و بارزانیمان بێنێتەسەر، لەبەرئەوە لە نزیک قەلادزێ چووینە گوندێک بەناوی هێرۆ کە نزیک سنووری ئێرانە بۆ ئەوەی کە ئەگەر رووبەڕووی هەر هەوڵێکی گرتن و پەلاماردان بووینەوە ئەوا بچینەوە ئەودیو، بەڵام ئێمە چووینە لای بارزانی و بەڵێنماندایە «دیارە ئەوکاتە بارزانی بەنیسبەت ئێمەوە زۆر گەورەبوو وەکو باوک و وەکو سەرۆکیش چاومان لێدەکرد»، کە ئیتر ئێمە چالاکیی سیاسی ناکەین، بەڵام داوامانلێکرد کە مۆڵەتمان بدات وەکو پەنابەر لەو گوندە بۆ خۆمان نیشتەجێبین. بارزانی بەڵێنی داینێ و ئێمەش دڵنیابووین کە ژیانمان پارێزراو دەبێ و خراپەمان لەگەڵ ناکرێ. پاشان ئەو بیرۆکەیەمان تاووتوێکرد کە ئەگەر بڕیاربێت ئێمە چالاکیی سیاسی نەکەین ئیتر مانەوەمان

لێرە بۆچی؟ بۆیە باشترە هەرکەس بچێتەوە ماڵی خۆی لە ئێران و هەرکەس پێی خۆشبوو با لەوێ چالاکیی سیاسی بکات. ئێرانیش لێبوردنی دەرکرد و ئێمەش سوودمان لەو لێبووردنە وەرگرت و رۆیشتینەوە.

## «لە ئێران دەستمان بە چالاکیی سیاسی کردەوە»

**دوای ئەوەی گەڕایتەوە ئێران، خەریکی چی بوویت، کاری چیت دەکرد؟**

من پێشتر ساڵی سێیەمی زانکۆم بوو کە ئێرانم بەجێهێشت و بەشداریی شۆڕشم کرد، کاتێک گەڕامەوە چوومەوە زانکۆ و دەستمکردەوە بە خوێندن و هاوکات بەنهێنیش یەکێتیی خوێندکارانی کوردمان دیسان دامەزراندەوە، بەڵام ئەمجارە لەسەر بنەغایەکی چەپ زیندوومانکردەوە. رزگاریخوازییەکەمان مایەوە، بەڵام چەپخوازییەکەشمان لێ زیادکرد، زۆر چالاکبووین لەبوارەکانی کۆڕی شیعر و رۆشنبیری و شانۆ و ئەو شتانەدا، پاشان ساڵی ١٩٦٨ من زیندانیکرام.

## «سزای زیندانی هەتاهەتایی درام»

**بۆ ماوەی چەندێک؟**

دوو ساڵ لە زیندان مامەوە، لەگەڵ ئەوەی داوای لەسێدارەدانم کرابوو، بەڵام بە زیندانیی هەتاهەتایی سزادرام. پاشان پێداچوونەوەی بۆ کراو و حوکمەکەم بوو بە سێ ساڵ، ساڵێکیم تەواوکردبوو هەر لەماوەی دادگاییکردنەکەمدا.

لەو ماوەیەدا کە من لە زیندان بووم، ئەو هاوڕێیانەم کە لە یەکێتیی خوێندکاران پێکەوەبووین و نەگیرابوون، کۆبوونەوەیان کردبوو و رەخنەیان گرتبوو لە من بەوەی راستە ئەو رێکخستنەی ئێمە چەپ بووە، بەڵام چەپێکی راستەقینە نەبووە. وتبوویان ئەوەش خەتای سەلاحودینی موهتەدییە، چونکە من مەیلی کوردایەتیم زاڵتربووە و زیاتر بەرەو ئەوێ رامکێشاوە تا چەپایەتی، ئەمە لە لایەک. لە لایەکی تریشەوە، وتبوویان من زیاتر بابەتی ئەدەب و شیعر و فەرهەنگم بەلاوە گرنگترە و کۆبوونەوەکانی حیزبیم کردووە بە کۆبوونەوەی ئەدەبی، هەروەها دەرگای حیزبم کردووەتەوە بەڕووی هەموو کەسێکدا لەکاتێکدا وا پێویست دەکات

دیسپلینێکی پۆڵایین هەبێ، کەچی هەرکەس حەزێکی شیعر و کوردایەتی هەبووبێت من ڕێگەم داوە بێتە ناو کۆبوونەوەکانمان و ئەوەش هاوڕێکانم و کۆمەڵەکەمانی خستووەتە مەترسییەوە.

من دانیپێدا دەنێم کە هیچ کام لە ڕەخنەکانیان لەسەر من ناعەقڵانی و ناواقیعی نەبوون، من خۆم دەمزانی وایە، بەڵام پێم خراپ نەبوو، بۆیە بڕیاریاندا بەبێ من ڕێکخراوێک دروستبکەن. ئەم ڕێکخراوە بوو بەو کۆمەڵەیەی ئێستا هەیە «کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران».

**ئەوانە کێ بوون کە ئەم ڕێکخراوە یان کۆمەڵەیەیان دامەزراند؟**

سێ کەس بوون (فوئاد مستەفا سوڵتانی، حەمە حسێنی کەریمی لەگەڵ عەبدوڵڵا موهتەدی کە برا بچووکی منە). ئەمانە بناغە و کاکڵەی ناوەوەی کۆمەڵەیان دروستکرد و ئیتر بۆخۆیان درێژەیان بە کاری سیاسی دا و منیش بێ خەبەر لە زیندان دەمگوزەراند. کە هاتمە دەرێ لە زیندان، یەکسەر لە هەڵوەشاندنەوەی

ڕێکخراوەکەی پێشوومان و دروستکردنی ئەو ڕێکخراوە نوێیە ئاگاداریانکردم و منیش نەچوومە ناویەوە. من لەنێوان سالانی ١٩٧٠-١٩٧٩ لەماڵدا مامەوە، هەر لەو ماوەیەدا من دوو جاری تریش گیرامەوە، بەلام وەکو جاری پێشوو ماوەکەی زۆر نەبوو. هەروەها لەو ماوەیەدا کاری حیزبایەتیم نەکرد، بەلام سیاسەتم دەکرد، بەڵکو سیاسەتم گەرموگوڕتر لە جاران دەکرد، لەڕێی قسەکردن و کۆکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی خەڵک و نووسینی بەردەوام، بەلام نەچوومە ناو هیچ جۆرە ڕێکخستنێکی سیاسییەوە.

## «ئەندامی وەفدی دانووستانکاری کورد بووم لەگەڵ ئێران»

**جەنابت بوویتە ئەندامی وەفدی دانووستانکاری کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو چیرۆکە سیاسییە چۆنە؟**

بەڵێ لە ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی ئیسلامی بەرپابوو، پاشان کە یەکەمین ئەندامانی شاندی دانوستانکاری کورد دەستنیشانکرا من بوومە ئەندامی ئەو دەستەیە.

**ئەندامانی دیکەی ئەو وەفدە کوردییە کێ بوون؟**

بریتیبوون لە (مامۆستا شێخ عیزەدینی حسێنی کە هەڵبژێردرا بە سەرۆکی شاندەکە، د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، غەنی بلوریان و من). ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵ دەوڵـەت کـرد، بـەڵام بەئەنجام نەگەیشتین. لەلایەن دەوڵەتەوە شاندێک لە تارانەوە هاتبوون بە سەرۆکایەتی داریوشی فروهەر کە دواتر هەر کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی کوشتی، لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆ زۆرانە تەنیا یەک شت دەستەبەر بوو بۆ کورد، ئەویش ئەوەبوو شاندێک بەناوی شاندی نوێنەرایەتی گەلی کورد دروستبوو و ئەمە وەکو مەرجەعێکی لێهات کە ئیتر نابێت هەرکەس و حیزبە بە تەنیا بچێت گفتوگۆ بکات. شاندەکە نوێنەری (حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە، چریکی فیدایی) تێدابوو، مامۆستا شێخ عیزەدینیش سەرۆکایەتی دەکرد.

**جەنابت وەکو چی بوویتە ئەندامی وەفدەکە؟**

من وەکـو بێلایەن بەشداریمکرد، بـەڵام کە خولی یەکەمی گفتوگۆ دەستیپێکرد و ئەنجامی نەبوو، هەموو کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و ژینگە و

کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکرات و کراوە لە کوردستان بەرپابوو کە ناکۆکبوو لەگەڵ فەزای سیاسی و داخراوی ئێران. دەوڵەتی ئێران زۆر تەنگاوبوو، لەبەرئەوە خومەینی فتوایەکی دەرکرد بۆ حەملەکردن دژی کورد. درۆیەکی شاخداریان دروستکرد، درۆکە ئەوەبوو کە «ژمارەیەک ژن و منداڵ لە مزگەوتێکی شاری سنە، مزگەوتی جامیعە، لەلایەن کافرەکانەوە دەورەدراون و خەریکە سووکایەتی بە کەرامەت و شەرەفیان دەکرێ.» داواکە ئەوەبوو خەڵکی ئێران و سوپا چییان هەیە لە چەک و تفەنگ دەستی بدەنێ و بڕۆن ئەو خەڵکە گەمارۆدراوە ئازادبکەن. ئەم شەڕە سێ مانگی خایاند، ئێران هێشتا سوپاکەی نەکەوتبووە سەرپێ، هێشتا ئازادییەکان مابوونەوە، لە تاران خۆپیشاندان دەکرا بۆ پشتگیری شۆڕشی کورد، لەبەرئەوە دەوڵەت کەوتەخۆ و بڕیاری دەستپێکردنی خولێکی تازەی گفتوگۆی دا. بۆ ئەم خولەی تازەیەی گفتوگۆ داوایان لە جەنابی مام جەلال کردبوو کە بکەوێتە نێوانەوە، گفتوگۆکان دەستیانپێکرد و حیزبی دیموکرات رایگەیاند کە ئەو بە تەنیا دەچێتە گفتوگۆکانەوە، من بوومە وتەبێژی

وەفدەکە، شاندی ئێرانیش داریوشی فورهەر و دوو وەزیریان لەگەڵ بوو، هاشمی سەبباغیان وەزیری ناوخۆ و عیزەتوڵڵای سەحابی نائیبی سەرۆک وەزیران. من و داریوشی فروهەر کە سەرۆکی وەفدی ئێرانی و وەزیر بوو، قسەمان لەگەڵ یەک توندبوو و هەردووکمان قسەی ناوخۆشمان بەیەک وت، شاندەکەی خۆمان هیچ لەسەرکردنەوەیەکی لەسەر من نەبوو سەرەڕای ئەوەی ئەو قسە ناخۆشەکانی دەستپێکرد و ناهەقیش بوو، بۆیە من بڕیارمدا ئیتر لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا بەشداری نەکەم، بۆیە من لەوکاتەوە وەکو چۆن لە مێژووی هەشت ساڵ لەوەوپێشەوە حیزبایەتیم جێهێشتبوو، ئاوا بەشداریکردن لە گفتوگۆکانیشم بەجێهێشت، بەڵام لە نووسینەوەی ئەو داواکاریانەی کە دەبوو گەلی کورد بیخاتەڕوو دەوری سەرەکیم هەبوو بەهۆی ئەوەی من یاسام خوێندبوو و لە ئەدەبیاتی فارسیشدا کە بۆ دارشتنەوە سوودی هەبوو، شارەزاییەکی باشم هەبوو، هەروەها ئەندامی یەکەم وەفدیش بووم. د.قاسملوو داوای لە من کرد و وتی تۆ یاساییت و ئەو دەق و پرۆژەیە ئامادەبکە و پاشانیش دەبوو لیژنە چوار کەسی و شازدە کەسییەکە

پێداچوونەوەی بۆ بکەن. من مادە بە مادە دەمنووسی و دەمدا بە لیژنەکان و ئەوانیش سەرنجی خۆیان لەسەر دەنووسی و دەمدا بە د.قاسملو و ئەویش پاکنووسی دەکرد بە سەرنجی خۆیەوە، بەو جۆرە دەقی یەکەم هی منە، بەڵام پاکنووسەکەی و پەسەندکردنی هی د.قاسملوو و ئەوانی ترە. هەروەها لەو ماوەدا تەرمی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفایان لەنێو گۆڕەکەی دەرهێنابووە دەرەوە و پارتی ئەمەشی بە دەستی حیزبی دیموکرات دەزانی، بەڵام من بۆخۆم باوەڕم وانییە کە حیزبی دیموکرات کاری لەو شێوەیەی ئەنجامدابێت و زۆرتر پێدەچێت ئەوە پیلانی حیزبی بەعس و داگیرکەران بێت. پاشان شەڕێکی گەورە روویدا، ئێران شارە کوردییەکانی داگیرکردەوە و حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و خەڵکیکی زۆر ئاوارەی کوردستانی عیراق بوون و منیش وەکو کەسێکی سەربەخۆ هاتمە ئالان و لە ساڵی ١٩٨٣ چوومە سوید. لەوکاتەوە تاکو ئێستا بەتایبەت ئەم ماوەیە کە زۆربەی کاتەکانم لێرەم، ئەگینا پێشتر ناوەناوە دەهاتمەوە کوردستانی عیراق و جگە لە نووسین و شیکاریی سیاسی هیچ پۆست و مەقامێکم نەبووە، سیاسەتم کردووە بەتەنیا، بەڵام دووربووم لە

حیزبایەتی. کوردایەتیم کردووە بە فۆرمێکی تایبەتی خۆم و هەرگیز لێی دوورنەبووم، رازی نەبووم بەوەی بچمەوە ئێران یان لە ئەوروپا لە گۆشەیەکدا بێدەنگ دابنیشم.

## «مام جەلال بوو بە سەرۆک کۆمار، ساتێکی زۆر خۆش بوو بەلامەوە»

**کێ بە یەکەم مامۆستای خۆت دەزانی؟**

باوکم.

**کێ نزیکترین کەسە لێتەوە؟**

برادەرێکم هەیە ئێستاش لەژیاندایە و لە ئەوروپایە، ناوی مەلا عومەری عەسرییە، هەر لە گەنجێتیمانەوە هاورێبووین، وا نزیکەی ٥٠ ساڵە دەوامی هەیە و ئێستاش هەر دۆست و هاورێین.

**ناوخۆشترین کات لەژیانتدا کەی بووە؟**

یەکێکیان تێکچوونی شۆڕشی کوردستانی عیراق، هەروەها ئەوکاتەی بڕیاری زیندانیکردنی هەتاهەتاییم بەسەردا درا.

**خۆشترین سات بەلاتەوە؟**

بەرپابوونی شۆڕش لە ئێران و کۆتایی رژێمەکەی شا، ئەوکاتەی لە عیراق مام جەلال بوو بە سەرۆک

کۆمار، ئەو دوو ساتە زۆر خۆشبوو.

**لە چی پەشیمانی؟**

لە شێوازی گشتیی خەبات و ژیانکردنم پەشیمان نیم، بەڵام هەندێک وردەکاریی هەیە وەک دۆستایەتی کێ و دوژمنایەتی کێ و مەسەلەی ئینشیقاق و ئەوانە ئەگەر بهاتبایە و تەمەنم بگەڕایەتە دواوە، ئەوا بەجۆرێکی تر دەمکرد.

**ئاواتی گەورەت چییە؟**

تەنیا ئاواتم دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە.

# دیداری دووەم

## سەلاحودینی موهتەدی:
## داعش و ئیسلامییەکانی کوردستان غەزەلی دڵداری بۆ یەکتر دەخوێنن

سەلاحودینی موهتەدی، سیاسەتڤانی کورد، پێیوایە هەڵتۆقینی داعش پەیوەندی بە ئێران و هێزە هەرێمایەتییەکانی تری ناوچەکەوە نییە، بەڵکو ژینگەی ئەم ناوچەیە لەبارە بۆ دەرکەوتنی هێزگەلی لەو جۆرە.

ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات «ئیسلامییەکانی کوردستان و داعش لە یەک کانی ئاو دەخۆنەوە، بۆیە هەڵوێستیان روون نییە و لەئاست خواستی خەڵکدا نییە».

**دەرکەوتنی داعش چەند پەیوەندی بە داواکردنی پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە؟**

باوەڕم بەو قسە و بۆچوونانە نییە کە دەرکەوتنی داعش دەبەستنەوە بە پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانەوە، ئیتر چی بەهۆی وڵاتانی هەرێمایەتی و زلهێز یان ئێرانەوە بووبێت، بەڵکو ئەوە راکردنە لە حەقیقەتێک کە ئەویش بریتییە لەو زوڵمەی کە لەماوەی

١١ ساڵی رابردوودا شیعە لە سوننەی دەکات و لەسەریەک کەڵەکە بووە و سەرەنجام دەبوو بتەقێتەوە. ئیتر شێوازی تەقینەوەکە بەم شێوەیە بوو کە بینیمان، هەمیشەش تەقینەوەی نارەزایەتییەکان بە یەک شێوە نابێت، بەڵکو شێوازی جۆراوجۆری دەبێت.

دەرکەوتنی داعش تەقینەوەی نارەزایەتی عەرەبی سوننە بوو لە سوریا و عیراق، بۆیە دوورە لە پرسی پەیوەندیدار بە سەربەخۆیی کوردستان، چونکە داعش سێ ساڵە لە سوریا هەیە. ئەو زوڵمەی لە رابردوودا سوننە لە شیعەی دەکرد وا ١١ ساڵی رەبەقە شیعە لە سوننەی دەکاتەوە و ئەوەش دەرئەنجامەکەی بوو.

**واتە دەرکەوتنی داعش سروشتییە و لە دەرەوەی بەهاکانی شۆڕش نییە؟**

بەڵێ، دەرکەوتنەکەی شتێکی سروشتییە، بەڵام شێوازەکەی کۆنەپەرستانە و زاڵمانە و دواکەوتووانەیە. زۆر شۆڕش هەیە و هەبووە داوای رەوای هەبووە، بەڵام میکانیزمی داواکردن و شۆڕشەکە خراپ و قێزەون بووە، یان بە لایەنی کەمەوە داواکارییەکانیان بە لای خۆیانەوە باشە و هیچ مەترسیدار نییە و بۆی تێدەکۆشن.

**ئەو شێوازەی داعش بەکاریدەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکانی، مەترسییە بۆ سەر بیرکردنەوە و شێوازی کارکردنی لەمەودوای هەر هێزێک کە نادادپەروەری بەرانبەر بکرێ؟ ئایا ئەمە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر پرۆسەی سیاسی و ئاوەدانیی کوردستان دروستدەکات؟**

بەڵێ مەترسی گەورە دروستدەکات ئەگەر چارەسەر نەکرێ، بەڵام ئەمە تەنیا بە کورد چارەسەر ناکرێ، بەڵکو پێویستە عەرەبیش هاوکار و بەشداربێت، بەڵام عەرەب بۆ خۆیان لەناویەکدا پەراگەندەن و نە بۆ خۆیان یەکگرتوون و نە لەگەڵ کوردیش یەکدەگرن. هەروەها پێویستە وڵاتانی گەورەی دونیاش هاوکاربن، وەکو ئێستا سەرەتای ئەو هاوکارییە دەبینین.

**ئەگەر دەرکەوتنی داعش پەرچەکردارە بۆ زوڵمی شیعە، بۆچی لە سەرەتاکانی دەرکەوتنیانەوە دژی کوردستان وەستانەوە؟**

چونکە جوگرافیا ئەو کارەیان پێدەکات، ئەگەر بە وردیی سەیر بکەی دەبینیت هێزی داعش لە ناوچە

سوننییەکانە کە سنووریان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەبێت، ئەوان لە ناوچە سوننییەکان لایەنگر و هەوادارییان هەیە ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە کورد داوای حکومەت و دەسەڵاتێکی عەلمانیی نامەزهەبی دەکات کە ئەوەش لە فەرهەنگی سیاسی و ئایدۆلۆژی ئەواندا کوفرە. ئەوان ئیش بەو پرەنسیپە دەکەن کە ئەوەی لە دەرەوەی حوکمی ئیسلامی داوا بکات کوفرە و پێویستە بکوژرێ و سەری بپەڕێندرێ.

ئێمە لێیان نزیکبووین، گوایە پاروویەکی ئاسان قوتدراو و عەلمانیش بووین، جگە لەوانە عەرەبیش نەبووین و حوکمی عەرەبیشمان رەفز دەکردەوە، بۆیە کەس لە ئێمە گونجاوتر نەبوو بۆ پەلاماردان و سەربڕین.

ئەوەی ئەوان حسابیان بۆ نەکرد ئازایەتی و خۆڕاگری پێشمەرگە و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان بوو کە بووە هۆکاری شکستی ئەوان.

**بنکەی توێژینەوەی ستراتیژیی پرۆگرامی ناوەکی ئێران ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئێران توانیی کورد لە**

**شەڕی داعش تێوەگلێنیٚ، بەتایبەت قاسمی سولەیمانی، پێتوایە ئەوە راستە؟**

من ئاگام لەوە نییە و ناتوانم بڕیار لەسەر شتێک بدەم کە ئاگام لە وردەکارییەکەی نەبێت، بەڵام هاتن و چوونی قاسمی سولەیمانی و فەرماندەکانی تری سوپاسی پاسداران لە کەس شاراوە نییە، پێشیان خۆشبوو کە داعش لەگەڵ کورد بەشەڕبێت، چونکە پەندێکی فارسی هەیە کە دەڵێت «لە هەر لایەک بکوژریٚ هەر ئیسلام قازانج دەکات».

**کاریان بۆ تێوەگلانی کورد لە شەڕی داعش کرد؟**

نازانم کاریانکردبێت، بەڵام بە دووری نابینم و لە عەقڵیش نزیکە.

پێتوایە داعش لەداهاتوودا بیەوێت پەلاماری ناوچە شیعییەکانی تر بدات لە دەرەوەی عیراق بەتایبەت ئێران؟

مرۆڤ ناتوانیٚ حوکمێکی رەها لەوبارەیەوە بدات، بەڵام ئەوەی دەبینریٚ یان تێبینی دەکریٚ هەر ئێستا لە ناوچە سوننەنشینەکانی ئێران جۆرێک لە جموجوڵی لایەنگرانی داعش دەرکەوتووە، هەتا خۆپیشاندان دەکەن

و ئاڵای داعشیان پێیە و بەشەقامەکاندا دەگەڕێن.

بەدووری نابینم کە لە ئێرانیش بزووتنەوەیەکی سوننی لە شێوەی داعش دژی دەسەڵاتی داپڵۆسێنەری شیعەی ئێران دروستببێت.

**زانیاریی رۆژنامەوانی و هەواڵگریی بڵاوبوونەوە کە گوایە ئەمەریکا لە پشت دامەزراندن و دەرکەوتنی داعشەوەیە، دوایی لەکاتی دروستکردنی مەترسیی لەسەر کوردستان، ئەمریکا یەکەم وڵات بوو رووبەڕوویانبوویەوە، جەنابت بۆچوونت چییە لەسەر پەیوەندیی ئەمەریکا بەداعشەوە؟**

بۆچوون و سیاسەتی باو لای ئێمە ئەوەیە هەر شتێک کە روودەدات دەرەنجامی پیلانێکە، نازانرێت بۆ ئەمەریکا پشتیوانی داعش دەکات و دوای هەفتەیەکیش هەر خۆی دەکەوێتە سەروگوێلاکی! پێموایە ئەوە نەشارەزایی تیۆریزان و سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، چونکە دەستیان ناگاتە تیۆری زانستی یان باوەڕیان پێی نییە، بۆیە ئەمجۆرە قسانە دەکەن.

زۆرکەم بە قەتعی قسە دەکەم، بەڵام لەمەیاندا دەڵێم

داعش هیچ پەیوەندییەکی بە ئەمەریکاوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو زەمینە کۆمەڵایەتییە پڕ توندوتیژییەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکگراوندی خەلافەتی ئیسلامی و زوڵم و زۆری ئێستای مەزهەبەکان و نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری و برسێتی و دەوڵەمەندبوونی کتوپڕی زۆر و کەڵەکەبوونی پارەی نەوتەوە هەیە.

**ئەگەر دەرکەوتنی داعش پەیوەندی بە دواکەوتوویی عەقڵیەتی داعش و کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەبێت، ئەی بۆچی زۆرێک لە سەرکردەکانی ئەم گروپە یان موجاهیدەکانی لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا و روسیاوە هاتوون؟**

مەبەست ئەوە نییە کە خودی کەسەکە لە ڕۆژهەڵات نیشتەجێیە، بەڵکو مانای ئەوەیە ئەو کەسانەش درێژکراوەی عەقڵیەتی ڕۆژهەڵاتن، درێژکراوەی فەرهەنگە سیاسییە کۆنەکەن.

**کەوایە ئەم کۆمەڵگایانە ئەگەری بەرهەمهێنانەوەی هێزی هاوشێوەی داعشی تێدایە؟**

بەڵێ تێیدایە، بۆیە لەهەرحاڵدا ئەگەری دەرکەوتنەوەی داعش و داعشانی هاوفیکر هەیە، مەگەر کۆمەڵگای ئازاد و یەکسان و دیموکراتخوازی راستەقینە بێنە کایەوە و مرۆڤەکان بەئاسوودەیی بژین.

**هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان هەڵوێستیان روون نییە بەرانبەر داعش، بۆچی؟**

منیش بم وادەکـەم، چونکە داعـش دەڵێت قورئان و سوننەت و فەرمووده و خەلافەتی ئیسلامی، بۆیە ناتوانن هەڵوێستیان روون بێت بەرانبەریان، بۆیە دەبێت حیله شەرعی بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بە هەوادارەکانیان بڵێن داعش خراپە و لەگەڵی مەبن.

**هەروەها ئەو کانییەی ئەوانیش ئاوی لێ دەخۆنەوە هەر یەکە، سەرچاوە فکرییەکەی هێزە ئیسلامییەکان لە توندوتیژی و وەحشیگەریدا جیاوازی هەیە، ئەگینا لە ئاستە ئایدۆلۆژییەکەدا هیچ جیاوازییان نییە، کام حیزبە ئیسلامییە سوننییە دەبینیت خەون بە زیندووکردنەوەی خەلافەتی ئیسلامییەوە نەبینێت؟**

**بەڵام ئەو کردەوانەی داعش دەیکەن بەس نین بۆ**

**ئەوەی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان بەڕوونی بڵێن ئەمە هێزێکە دوورە لە ئایینی ئیسلام و پێویستە دژی بجەنگن؟**

ئەگەر تۆ ئیسلامییبوویتایە وات نەدەووت، چونکە ئەوەی ئێستا ئەوان لوت و گوێی خەڵک دەبڕن کەمترە لەوەی لە رابردوو کراوە. لە رابردوو چەند وڵات غەزوکرا و چەند شوێن تێکدرا و چەند ئەنفالکراو و چەند باج لە خەڵک سەندرا ئەی بۆ کەس دەنگی نەکرد؟ چونکە ئایدۆلۆژیاکان هەمیشە بەشی ئەوەی دەیکاتە کردار بەڵگەی پێیە کە رەوایی ئیشەکەیت بۆ بسەلمێنێ، کاتی خۆشیی سۆسیالیزم ئەوەندە بەڵگەی دەخستە بەردەم لایەنگرانی کە بچن دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دابمەزرێنن.

**مادام سەرچاوەی فیکریی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان و داعش یەکبن، ئەگەری دروستبوونی پەیوەندی سیاسی لەنێوانیاندا هەیە؟**

نەخێر باوەڕناکەم، نە ئەوان لەگەڵ داعش دەیانەوێ و نە داعشیش لەگەڵ ئەوان دەیەوێت پەیوەندی

ببەستێت. داعش بەوە ماوە و خەڵکی لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە کە هەموو ئەوانەی لە دەرەوەی ئەون کافرن، ئەوەش خەسڵەتی هەموو بزووتنەوەیەکی ئایدۆلۆژییە لە جیهاندا.

هیچ مەترسییەک نابینم لە بوونی پەیوەندیی نێوان داعش و هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان، بەڵام رەنگبێ شان شلبکەن و جار جارێ غەزەلی دڵداری بۆ یەکتر بخوێنن، بەڵام نابن بە یەک سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەی فیکرییان یەکە.

**ئیسلامییەکانی کوردستان بە دەرکەوتن و هاتنی داعش خۆشحاڵن؟**

ئەوە لە سەرۆک و سەرکردە و کادری حیزبە ئیسلامییەکان بپرسە کە ئایا لە دڵی خۆیاندا خۆشحاڵن بەهاتنی داعش، بەڵام پێموایە بایی ئەوەندە خۆشحاڵن کە وەکو فشار بەکاربێنن لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیمتیازی زیاتری پێوەربگرن، بەڵام حەزناکەن داعش دەسەڵاتی لەدەستبێ.

**داعش هێزە کوردییەکانی یەکخست وەکو هەندێک کەس بۆچوونیان وایە؟**

خۆی دەبوو وابێت، بەڵام وانییە.

**بۆچی و چۆن وانییە؟**

چونکە هەرکەس بەرژەوەندیی خۆی دەبینێ لە هاوکاریکردنی لەگەڵ فلان حیزبی تر، ئەگەر لە یەکێتی بپرسی ئەوە پەکەکەی پێ گرنگە، چونکە پەکەکە رەقیبە بەرانبەر پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها پارتی لەگەڵ ئەو حیزبانە رێکە کە دژی پەکەکە و یەکێتین.

**ئەی وڵاتانی هەرێمایەتی کاریگەرییان هەیە؟**

با بەنموونەیەک بۆت روونبکەمەوە، پێشمەرگەی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان سازدا و چوونە بەرەکانی شەڕ، فەرماندەکانی پێشمەرگە زۆر بە گەرمیی پێشوازییان لێکردن و خۆشحاڵبوون، بەڵام زۆری پێنەچوو لەسەرەوە فەرمان هات و وتیان نابێت ئێوە شەڕبکەن، ئەمە بۆ؟ چونکە ئێران بەمە خۆشحاڵ نەبوو. حیزبەکانی باشووری کوردستان چاویان لەوەیە

تورکیا و ئێران چییان پێخۆشە ئەوە بکەن، ئەوانەی رۆژئاوای کوردستانیش سەر بە پەکەکەن و وەکو ئەوان بیردەکەنەوە.

**پێتوایە لەداهاتوودا پەکەکە و پارتی زیاتر دڕدۆنگبن و بەشەڕبێن؟**

لەکۆنەوە تائێستا دڕدۆنگن، بەڵام لەلایەک داعش و لەلایەکی تریشەوە فشاری یەکێتی وایکردووە پارتی رازی بێت بە هاتنی پەکەکە.

ئێستا لەڕووی جوگرافییەوە پەکەکە و پارتی لەیەک نزیکن، بۆیە هیوادارم ئەم نزیکییە نەبێتە هۆی شەڕ و روودانی تەقە لەنێوانیان.

**واتە ئەگەری هەیە؟**

بەڵێ هەمیشە ئەگەری هەیە و هەبووە و نەمانتوانیوە کۆتایی بەو ئەگەرە بێنین، بەڵام هیوادارم ئاستی تێگەیشتن و پێابتالگەیشتنی خەڵک و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بایی ئەوەندە بێت کە شەڕ نەبێت.

هەرێمی کوردستان قازانجی زۆر کردووە و نەوت دەرکەوتووە، هەموو سەرکردە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ ئەمڕۆ بوونەتە لۆرد و سەرمایەدار، بۆیە هیوادارم کوردستان نەخەنە مەترسییەوە.

# پاشکۆی وێنە

































